زنجیره ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست
( ٢٧ )

# ئاگادارکردنەوە
# لە
# پەلەکردن لە بەکافرداناندا

بە پێنوسی
محمد بن ناصر العريني
وەرگێڕنی
صلاح الدين عبدالكريم

چاپی یەکەم – ١٤٢٣ کۆچی /٢٠٠٢ زایینی
چاپی دووەم -١٤٢٩ کۆچی/ ٢٠٠٨ زایینی

=====================================

لەبڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ( ١٣ )

## پێشەكی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [سورة آل عمران ١٠٢] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء : ١] .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**لە پاشاندا:**

**(التكفير) بابەتێكی كۆنی ترسناكە هەر لە كۆنەوە هەڵگرانی خۆی هەبووە چ وەك تاك چ وەك كۆمەڵ، ناو بەناو كپ و بێدەنگ بووە و جار جاریش هەڵگیرسێنراوە و بۆتە هۆی ئاژاوەو فیتنەیەكی گەورە كە موسڵمانان بەدەستییەوە ناڵاندویانە، وە ئەنجامەكەیشی تەنها بریتی بووە لە ڕژاندنی خوێن وفەوتاندنی ماڵ وسامان ونەهێشتنی هێمنی وئارامی وچەندەها بەڵای جۆراو جۆری تر كە شاراوە نییە لەلای خەڵكی هۆشمەند .**

**ئەم سەردەمەیشمان خاڵی نەبووە لەم بابەتە بەڵكو دەتوانین بڵێین لەهەموو سەردەمەكانی تر ترسناكی و ئاژاوەكەی زیاتر بووە كە ساڵانێكی زۆرە چەندەها كۆمەڵگا ژیانیان لێ تێك چووە و لە شەڵەژاوی ودڵە راوكێدا دەژین وبواری بانگەواز كردن بۆ لای خوای تیادا تەسك بۆتەوە وخەڵكی ناوێرن لە بانگەوازكەران نزیك ببنەوە وناوبانگی ئیسلام شێوێندراوەو وەك توندڕەو وتۆقێنەر نیشانی خەڵكی دراوە، ئیسلام وەك خۆی بەجوانی نیشان نەدراوە .**

**لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم بۆچونە ترسناكە بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو گەیەنرایە كوردستان لە ڕێگەی چەند پەرتوكێكەوە كە نوسەرەكانیان قسەی زاناكانی سەلەفیان هەڵگێڕاوەتەوە بۆ بەرژەوەندی بۆچونەكەیان، وە لێیان بڕیوەو ووتە كورتەكانیان هێناوەتەوە نەك ووتە درێژەكان كە بەجوانی هەموو شتێكیان تیادا روون**

کردۆتەوە، بەم شێوازە شوبوهاتێکی زۆریان کۆ کردۆتەوە کە کەسێك ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ پەرتوکی زانایانی سەلەف وا دەزانێت ئەوەی ئەوان نوسیویانە ئەوە حەقی تەواوە .

وە ئەگەر تەماشای پەرتوکی ئەم نوسەرانە بکەین دەبینین هەمووی دەسوڕێتەوە لە دەوری تەکفیر وطاغوت وحوکم، بەهەمویان تەنها یەك پەرتوکیان نی‌یە لە بارەی زانستە شەرعی‌یەکان لەبەر نەزانیان لەم بوارانەدا.

وە نوسەری ئەم پەرتوکانە نەك لەلای زانایان بەڵکو لەلای خەڵکی (ئاسایی) وەیش نەناسراون، نە زاناکانیان دیارەو نە قوتابی‌یەکانیان، وە ئاژاوەیەکی زۆریان دروست کردووە بەهۆی پەرتوکەکانیانەوە کە تەنانەت ئەندامانی خێزانێکیشی گرتۆتەوە تا وای لێهاتوە کوڕ باوکی خۆی کافر دەکات چ جای کافر کردنی خەڵکانی ترو کۆمەڵگا بەگشتی، وە وڵات بە(دار الکفر)دادەنێن ودەڵێن دەبێت (هیجرەت)بکەیت و دروست نی‌یە دابنیشیت تێیدا، لەولاشەوە سەرکردەکانیان (نوسەری پەرتوکەکانیان) هەموویان لە وولاتانی رۆژئاوادا نیشتەجێن ومافی پەنابەری ورەگەزنامەی ئەو وولاتانەیان وەرگرتوە وتەنانەت خەرجی‌یەکانیشیان مانگانە لەوانەوە وەردەگرن، کە کەس گومانی لەوەدا نی‌یە کە ئەو وولاتانە (دار الکفر)ن ودروست نی‌یە موسڵمان تێیاندا نیشتەجێ بێت وژیان لەگەڵ کافرو جولەکەدا بەسەربەرێت کەچەندەها فەرموودەی پێغەمبەری ﷺ لەسەرە، بەڵام ئەمان تأویلی دەکەن وپشت گوێی دەخەن .

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت ئاگادارکردنەوەیەکە موسڵمانان ئاگاداردەکاتەوە لەوەی کە پەلە نەکەن لە کافرکردندا، چونکە دەرکردنی کەسێك لە ئیسلام هەروا ئاسان نی‌یە کە خەڵکی بەرەوپیری بچن، بەڵکو جۆرەها حوکم جێبەجێ دەبێت لەسەری، وە کافر کردنی کەسێکی دەست نیشان کراو چەند مەرجێکی هەیە دەبێت ئەو کەسە تێیدا بێت (شروط التكفير)، وە چەند بەرهەڵستکاری‌یەکی هەیە نابێت تێیایدا بێت (موانع التكفير) ئەو کاتە کەسێکی دەست نیشان کراو کافر دەکرێت ئەگەر کوفرێکی گەورەی کرد لە پاش ئەو مەرج و بەرهەڵستکاری‌یانە، کە لەبەر زیاد گرنگیان لێرەدا کەمێك بەدرێژی باسیان دەکەم کە بەدەست کاری‌یەوە وەرم گرتوە لە پەرتوکی:

(موقف أهل السنة والجماعة من أهل الأهواء والبدع) **نوسینی**: د. إبراهم بن عامر الرحيلي.

**ئەو کەسەی کە کوفرێکی گەورە بکات بۆ ئەوەی حوکمی کوفر بدرێت بەسەری دا .**

١. دەبێت بالغ بێت وعاقڵ بێت.

٢. دەبێت کوفرەکەی بەویست وهەڵبژاردنی خۆی کردبێت و بە زۆر پێی نەکرا بێت (مُکره) نەبێت.

٣. دەبێت بەڵگەی پێ گەیشتبێت کە ئەمە کوفرە، وەتێ گەینرابێت (إقامة الحجة) کرابێت.

٤. نابێت تأویلی هەبێت بۆ کوفرەکەی .

وە بە نەبوونی یەکێك لەم مەرجانە کافر ناکرێت، وە بەبەرهەڵستکاری‌یەکانی دەژمێردرێت (موانع التكفير).

مەرجی یەکەم: ئەوکەسەی کە کوفری کردووە دەبێت (بالغ و عاقڵ)بێت، بەڵگە زۆرە لەسەر ئەوەی کە منداڵ وشێت لێیان ناگیرێت هەرچی شتێك بکەن هەتا گەورە دەبن یاخود چاك دەبنەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(رُفِع القلم عن ثلاث، عن الصبي حتى يبلغ، وعن النائم حتى يستيقظ، وعن المجنون حتى يفيق)[١] .

واتە: قەڵەم هەڵگیراوە لەسەر سێ کۆمەڵ وتاوانیان نانوسرێت، منداڵ هەتا بالغ دەبێت، وە خەوتو هەتا لە خەو هەڵدەستێت وبە ئاگا دەبێت، وە شێت هەتا چاك دەبێتەوەو دێتەوە سەر خۆی .

---

(١) (رواه أبو داود وابن ماجة والترمذي وابن حبان والحاكم وقال(صحيح على شرط مسلم) ووافقه الذهبي، وصححه الألباني في: صحيح سنن ابن ماجة: ٢٠٤١، وصحيح سنن النسائي: ٣٤٣٢).

بۆیە کوفر ئەگەر لە کەسێکی منداڵ یاخود شێتەوە دەرچێت ئەوا کافر ناکرێت وهیچیان لەسەر نی‌یە .

مەرجی دووەم: ئەو کەسەی کە کوفری کردووە دەبێت بە ویست و هەڵبژاردنی خۆی کردبێتی و نابێت بە زۆر پێی کرابێت وە دەسەڵاتی خۆی تێدا نەبێت، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّـهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النحل: ١٠٦].

واتە: هەر کەسێك کوفر بکات بە خوای گەورە لە پاش باوەڕهێنانی ئەوا کافر بووە، جگە لە کەسێك کە بە زۆر کوفری پێ بکرێت بە مەرجێك دەبێت تەنها بەدەم کوفری کردبێت و دڵی پڕبێت لە باوەڕ، بەڵام کەسێك سنگی فراوان بکات بۆ کوفر کردن و بەدەمیش کوفر بکات و دڵی پڕ لە باوەڕ نەبێت ئەوا توڕەبوونی خوای گەورەی لەسەرە و کافر دەبێت وسزایەکی گەورەی بۆ هەیە[٢].

هەروەها ئەگەر کەسێك بیرو هۆشی لای خۆی نەمێنێت وە نەزانێت چی دەڵێت لەبەر سەختی دڵخۆشی یان توڕەبون یان ترسان وهاوشێوەی ئەمانە ئەوا ئەمیش لێی ناگیرێت وکافر نابێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لله اشد فرحاً بتوبة عبده حين يتوب إليه من أحدكم كان على راحلته بأرض فلاة فانفلتت منه، وعليها طعامه وشرابه فآيس منها، فأتى شجرة، فأضطجع في ظلها، قد آيس من راحلته، فبينما هو كذلك إذا هو بها، قائمة عنده فأخذ بخطامها، ثم قال من شدة الفرح: اللهم أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ من شدة الفرح)[٣] .

واتە: خوای گەورە خۆشحاڵترە بەتەوبەی بەندەی خۆی کاتێك کە تۆبە دەکات ودەگەڕێتەوە بۆ لای خوا لە یەکێك لە ئێوە کە لەسەر وشترەکەی خۆی بێت لە زەوی‌یەکی بیابانی چۆڵ و وشترەکەی لەدەستی رابکات، وە خواردن و خواردنەوەکەی لەسەر وشترەکەی بێت، ئیتر لێی بێ ئومێد دەبێت ودەچێتە لای دارێك لە ژێر سێبەرەکەی پاڵ دەکەوێت وچاوەڕوانی مردن دەکات، چونکە بێ ئومێد بووە لە وشترەکەی دەستی بکەوێتەوە... هەر بەم شێوازە دەمێنێتەوە، کاتێك دەزانێت وشترەکەی راوەستاوە لەلای، ئەمیش رەشمەکەی دەگرێت پاشان لە سەختی دڵخۆشیدا دەڵێت: خوایە تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم. پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: هەڵەی کرد لەسەختی دڵخۆشیدا.

ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ ئەگەر ئاگای لەخۆی نەماو نەیزانی چی دەڵێت لەبەر سەختی دڵخۆشی یان توڕە بوون یان غەم و پەژارەو خەفەت ئەوا ئەگەر کوفریش بکات پێی کافر نابێت، وەك بە ئاشکرا دیارە لە فەرمودەکەدا کە پیاوەکە بە خوای گەورە دەڵێت: (خوایە تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم) کە ئەم قسەیە کوفرێکی ئاشکرایە بەڵام لەبەر سەختی دڵخۆشی ئاگای لەخۆی نەبوو.

هەروەها لەبەر سەختی توڕە بوون هەر وەك کاتێك کە موسی پێغەمبەر ﷺ چووە خزمەتی خوای گەورە بۆ ئەوەی خوای گەورە قسەی لەگەڵدا بکات لە کێوی طور، هەتا هاتەوە سامری گوێرەکەیەکی بۆیان دروست کرد بوو دەیانپەرست، کاتێك کە موسی ﷺ گەڕایەوە ناو نەتەوەکەی زۆر توڕە بوو(والقى الألواح) واتە: ئەو لەوحانەی خوای گەورە بەدەستی خۆی تەوراتی تیادا نوسیبووەوە فڕێی داو شکا، لەبەر سەختی توڕە بوون، بەڵام لەبەر سەختی توڕە بوون موسی ﷺ ئاگای لە خۆی نەما، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

---

(٢) لەگەڵ ئەوەی ئەگەر کەسێك بەزۆر کوفری پێ بکەن تاوانبار نابێت ودروستە بەدەم کوفر بکات بەمەرجێك دڵی پڕ بێت لە باوەڕ، بەڵام زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کوفر نەکات و خۆی بگرێت هەتا دەیکوژن ئەوە باشترە بۆی و پاداشتێکی نەبڕاوەی بۆ هەیە لە بەهەشتدا.

(٣) (رواه مسلم عن أنس بن مالك رضي الله عنه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٠٣٠، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣١٥٣).

(ليس الخبر كالمعانية، إن الله عز وجل أخبر موسى بما صنع قومه في العجل فلم يلق الألواح، فلما عاين ما صنعوا ألقى الألواح فانكسرت)(٤).

واتە: هەواڵ پێدان وەك بەچاو بینین نی‌یە، خوای گەورە هەواڵی بە موسی دا ﷺ کە نەتەوەکەی چیان کردووە دەربارەی گوێرەکەکە، موسی ﷺ لەوحەکانی فڕێ نەدا، بەڵام کاتێك گەڕایەوە ناویان و بە چاوی خۆی بینی چیان کردووە لەوحەکانی فڕێداو شکان.

مەرجی سێیەم: بەڵگە هێنانەوە (إقامة الحجة)، چونکە هیچ کەسێك کافر ناکرێت ئەگەر کوفریش بکات هەتا بۆی ڕوون نەکرێتەوە وبەڵگەی بۆ نەهێنرێتەوە وتێ نەگەیەنرێت، چونکە تێ گەیاندنی مەرجە بۆ (إقامة الحجة) کردن بەسەریدا، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی احمد دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(يكون يوم القيامة رجل أصم لا يسمع شيئاً، ورجل أحمق، ورجل هرم، ورجل مات في فترة، فأما الأصم فيقول: رب لقد جاء الإسلام وما أسمع شيئاً، وأما الأحمق فيقول: لقد جاء الإسلام والصبيان يحزفوني بالبعر، وأما الهرم فيقول: رب لقد جاء الإسلام وما أعقل شيئاً، وأما الذي مات في الفترة فيقول: رب ما آتاني لك رسول، فيأخذ مواثيقهم ليطيعنه فيرسل اليهم أن ادخل النار، قال: فوالذي نفس محمد ﷺ بيده لو دخلوها لكانت عليهم برداً وسلاماً)(٥).

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا پیاوێك دێنن کە کەڕ بووە و هیچی نەبیستوە، وە پیاوێکی تر گێل(شێت) بووە، وە پیاوێکی تر پیر بووە، وە پیاوێکیش کە مردووە هیچ پێغەمبەر لەو کاتەدا نەبووە، کەڕەکە دەڵێت: خوایە کاتێك کە ئیسلام هات من هیچم نەدەبیست، گێلەکەش دەڵێت: خوایە کاتێك ئیسلام هات منداڵ پشقلیان تێم دەگرت، پیرەکەش دەڵێت: خوایە کاتێك ئیسلام هات من عەقڵم بەهیچدا نەدەشکاو هیچ تێ نەدەگەیشتم، ئەوەیش کەلە کاتی بێ پێغەمبەریدا مردبوو دەڵێت: خوایە نێردراوی تۆ نەهات بۆ لای من.

خوای گەورە عوزرەکانیان لێ وەردەگرێت و پەیمانیان لێ وەردەگرێت کە گوێڕایەڵی بکەن، نێردراوی خۆی دەنێرێت بۆ لایان و پێیان دەڵێت: بچنە ناو ئەو ئاگرەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: سوێند بەو خوایەی کە نەفسی محمدی ﷺ بەدەستە ئەگەر بچنە ناوی‌یەوە ئەوا ساردو سەلامەت دەبێت لەسەریان .

ئەم چوار کەسە خوای گەورە عوزری لێیان وەرگرت: ئەوەی کە نەیدەبیست خوای گەورە عوزری لێ وەرگرت، چونکە بەڵگەی نەبیستبوو، وە ئەوەی کە لە سەردەمی بێ پێغەمبەریدا مردبوو خوای گەورە عوزری لێ وەرگرت، چونکە بەڵگە لەسەردەمی ئەودا هەر نەبووە، وە گێلەکەو پیرەکە ئاشکرایە کە بەڵگەیان پێگەیشتوە بەڵام خوای گەورە عوزری لێیان وەرگرت، چونکە لە بەڵگەکە تێ نەگەیشتبوون، بۆیە باس کردنی بەڵگە بەتەنها بەس نی‌یە بۆ کافر کردنی کەسێك کە کوفری کرد بێت، بەڵکو دەبێت تێ بگەیەنرێت و شوبوهاتەکانیشی بۆ بەتاڵ بکرێتەوە ئەگەر شوبوهاتی هەبوو .

مەرجی چوارەم: نابێت ئەو کەسەی کە کوفرەکەی کردووە تأویلی هەبێت بۆ کوفر کردنەکەی، ئەگەر تأویلی هەبوو ئەوا کافر نابێت، ئیمامی بوخاری لە عبدالله کوڕی عومەرەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (پێغەمبەر ﷺ خالیدی کوڕی وەلیدی ﷺ نارد بۆ لای (بني جذيمة) ئەویش بانگیانی کرد بۆ موسڵمان بوون، ئەوانیش نەیان دەزانی بڵێن موسڵمان بووین بەڵکو دەیان ووت: (صبأنا صبأنا)، واتە: لە دینی خۆمان دەرچوین وهاتینە سەر دینی ئێوە، خالیدیش ﷺ لێیانی دەکوشت و لێیانی بە دیل دەگرت وە هەر پیاوێك لە ئێمەو دیلێکی پێدا، تا ڕۆژێکیان خالید ﷺ فەرمانی پێمان کرد کە هەر پیاوێك لە ئێمە دیلەکەی لای

---

(٤) (أخرجه أحمد وابن حبان والحاكم والخطيب، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٣٧٤).

(٥) (رواه الحاكم وابن حبان، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٨٨١).

خۆی بكوژێت، منیش ووتم واللە من دیلی خۆم ناكوژم وهیچ پیاوێك لە هاوەڵانی من دیلی خۆیان ناكوژن، هەتا هاتینەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وبۆیمان گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ هەردوو دەستی بەرزكردەوەو فەرمووی:

(اللهم إني أبرأُ إليك مما صنع خالد مرتين)(٦).

واتە: فەرمووی: ئەی پەروەردگارم من بەرائەتی خۆم دەرئەبڕم بۆ لای تۆ لەوەی كە خالید ؓ كردویەتی، دوو جار ئەمەی فەرموو.

كوشتنی خالید ؓ بۆ ئەمانە هەڵە بوو، وە پێغەمبەر ﷺ بەرائەتی كرد لەم ئیشە لەگەڵ ئەوەیشدا خالیدی ؓ نەكوشتەوە هەرچەندە ئەو هەموو موسڵمانەی كوشت، چونكە تأویلی هەبوو رازی نابوو هەتا نەڵێن موسڵمان بووین.

شێخ الإسلام ابن تیمیه (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (جێگیر بووە كە لەناو هاوەڵان دا ؓ هەبووە بە هەندێك لە ئوممەتی ووتوە: ئەوە مونافیقە، تأویلی هەبووە لەم شتەدا وە پێغەمبەر ﷺ كەسیانی كافر نەدەكرد)(٧) .

ئەمە بوو مەرج و بەرهەڵستكاری‌یەكانی(تەكفیر)، بە هیوام كە موسڵمانان سودی لێ وەربگرن و پەلە نەكەن لە كافر كردنی هیچ موسڵمانێكدا .

وە داواكارم لە خوای گەورە كە بیكاتە توێشوی قیامەتمان، وە تەنها لەبەر رەزامەندی ئەو بێت .

وصلی الله علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم

وەرگێڕ

جمادی الأولی /١٤٢٣ك

---

(٦) رواه البخاري والنسائي، وصححه الألباني في: صحيح سنن النسائي: ٥٤٠٥، ومشكاة المصابيح: ٣٩٧٦).

(٧) (منهاج السنة: ج٤ ص٤٥٧).

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی نوسەر

**إن الحمد لله نحمده و نستعينه ونستغفره و نعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده و رسوله .**

**لە پاشاندا:**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:** (ألا لا يمنعن أحدكم رهبة الناس أن يقول بحق إذا رآه أو شهده، فانه لا يقرب من أجل ولا يباعد من رزق أن يقول بحق أو يذكر بعظيم)[٨].

**واتە: ئاگاداربن با ترسی خەڵكی وا لەیەكێك لە ئێوە نەكات كە قەدەغەی بكات لە ووتنی حەق ئەگەر بینی یاخود ئامادەی بوو، چونكە ووتنی حەق نە ئەجەل نزیك دەكاتەوە وە نە ڕۆزی دوور دەخاتەوە كاتێك كە حەق بڵێت یاخود شتێكی گەورە یاد بخەیتەوە.**

**وە لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرمێت:**(ألا لا يمنعن أحدكم مخافة الناس أن يقول الحق أذا رآه)[٩].

**واتا: ئاگاداربن با ترسی خەڵكی قەدەغەی یەكێك لە ئێوە نەكات لە ووتنی حەق ئەگەر بینی .**

**هەندێك لە زانایان فەرموویانە: (پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێك بیر وباوەڕەكەی بە ئاشكرا بڵێت لە پێش چاوی هەموو خەڵكی، ئەگەر ڕاست بوو ئەوا شاهیدی بۆ دەدەن، وەئەگەر واش نەبوو ئەوا خراپیەكەی بۆ ڕوون دەكەنەوە تا تۆبەی لێ بكات).**

**لەم ڕۆژگارانەدا ئوممەتی ئیسلامی چەند پێویستی بە ئازایەتی و بە ئاشكرا ووتنی حەقە، چونكە ئەمە ڕێگەیەكە پێویستە بگیرێتە بەر بە هەوڵدانی پیاوانی ڕاستگۆ بۆ سەرخستنی حەق و لەناو بردن و پوچەڵ كردنەوەی بە تاڵ بە بێ گوێ دانە لۆمەی لۆمەكاران و ڕەخنەی ڕەخنە گران.**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:** (الدين النصيحة) **قالها ثلاثاً، قالوا لمن يا رسول الله؟ قال:** (لله ولكتابه ولرسوله وأئمة المسلمين وعامتهم)[١٠] **.واتا: (دین ئامۆژگاریە) سێ جار ئەمەی فەرموو، ووتیان بۆ كێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (بۆ خوداو قورئانەكەی و پێغەمبەرەكەی و پێشەوایانی موسڵمانان و هەموو موسڵمانان).**

**زانای پایە بەرز عبدالرحمن ناصر السعدی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە كاتی قسەكردنی لەسەر پێویستی ئامۆژگاری و سودەكانی دەفەرمێت:**

**(وە لەگەورەترین ئامۆژگاری بۆ خوا بەرگری كردنە لە دینەكەی و پوچەڵ كردنەوەی گومانی هەڵگرانی شتی بەتاڵ و شیكردنەوەو ڕاڤە كردنی چاكیە ئاشكراو نهێنیەكانی دین، چونكە لە شیكردنەوەی چاكە كاریەكانی دین بە تایبەتی لەم سەردەمانەدا كە شتی ماددی زاڵ بووە تیایدا، وەزۆربەی خەڵكی خەڵەتاون و دەستیان گرتووە بە جوانی و ڕەونەق و سامانی دونیاوە، وە بەعەقڵە خراپەكەیان وا گومانیان بردووە كە ئەمە مەبەست و ئامانجە و ئەو پەڕی جوانی و باشی و تەواوێتیە، وە لووتیان بەرز كردۆتەوە لە ئاستی نیشانەكانی خوای گەورەو ڕوونكردنەوەكانی ئایینەكەی)[١١] .**

---

(٨) (حديث صحيح رواه أحمد في المسند: ٣/٥٠).

(٩) (هەمان سەرچاوە: ٣/٨٧).

(١٠) (أخرجه مسلم وأحمد وأبو داود النسائي والترمذي وغيرهم، وانظر: صحيح سنن النسائي: ٤٢٠٠، وصحيح سنن الترمذي: ١٩٢٦، وإرواء الغليل: ٢٦).

(١١) (الرياض الناضرة: ص٥٦).

ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕوو دەدات لە گۆڕەپانەکەدا لە زمان درێژی لە ئابڕووی بەندەکانی خوادا بە تایبەتی خاوەن ڕێزەکان لە زانایان و پێشەوایان ئیشێکە غەم و خەفەتی بۆ دەخورێت، وە وا پێویست دەکات کە بەرەو ڕووی ڕابوەسترێت وە خەڵکی ئاگادار بکرێتەوە لە ترسناکیەکەی، بەتایبەتی کە ئیش گەیشتۆتە پلەی خەڵك بە کافر کردن و بەفاسق کردن، پەنا دەگرین بەخوای گەورە ئەمانە چەند بابەتێکی زۆر ترسناکن کە شاراوە نییە لە لای خەڵکی هۆشمەند ئەوەی کە جێ بەجێ دەبێت لەسەری لە ئەنجامی تاڵ کە ئوممەتی ئیسلامی ناڵاندویەتی و دەناڵێنێت بە دەستییەوە لە کۆن و تازەدا، کە ئەمەش وامی لێ کرد بە هەوڵێکی کەم بەم نامیلکە کورتە بەشداری بکەم دەربارەی بابەتی (التكفير)، کە قسەی زانایانم تیادا هێناوەتەو قسەم لەسەریان کردووە بەو شێوەیەی کە بینیبێتم گونجاوە لە گەڵیدا، وا ئەزانم کە بەسودە لەم سەردەمەدا کە فیتنەو ئاژاوەی تیادا زۆر بووە وەکو شەپۆلی دەریا دەدات بەیەکدا... وای لێ هاتووە کە چاکەی تێدا بووە بە خراپە، خراپیشی تیادا بووە بە چاك، دوژمنی سەرسەختی روو بەرووی تێدا بووە بە بانگەوازکاری چاکەکار، زانای خواویستی تێدا بووە بە نەزانی خەڵەتاو...

ئایا ئێمە لە سەردەمی بە ناپاك دانانی دەست پاك و بە دەست پاك دانانی ناپاك داین؟ ڕەحمەتی خوا لە (الفضيل بن العياض)بێت کە (إبن بطة العكـــبري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لێی دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (چی دەکەیت ئەگەر مایتەوە بۆ سەردەمێك کە خەڵکانێکت تیا بینی کە جیاوازی ناخەنە نێوان حەق و بەتاڵەوە، وە نە نێوانی باوەڕدار و بێ باوەڕەوە، وە نە نێوانی دەست پاك و ناپاکەوە، وە نە نێوانی زانا و نەزانەوە، نە چاکەیەك دەزانن وە نە خراپەیەك قەدەغە دەکەن).

بە ڕاستی ئاشوبی دونیا ودین سەرەنجامی هەڵسوکەوت کردنی خوار وخێچ وناڕێکە وە بە نیەت پاکی ودڵسۆزی ودانایی، خێر وچاکەی گشتی بە دەست دێت، وە خوای گەورە هیدایەتی هەر کەسێك دەدات کە خۆی ویستی لێ بێت بۆ ڕێگای ڕاستی خۆی .

لە ناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە کە عەقڵ و ئارەزوی خۆی کردووە بە پێوانە، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی بینی پێچەوانەی بۆچونی خۆی بێت ئەوا پشتی تێ دەکات و شتی خراپ دەداتە پاڵ نوسەرەکەی و گومان دروست دەکات لە نیەت پاکی و دەست پاکی نوسەرەکە، وە ئەوەی لەگەڵ بۆچونەکەیدا بگونجێت هەرچەندە لەسەر حسابی دینیش بێت ئەوا لە تێڕوانینی ئەودا پیاوێکی دانایە وئەوەی ئەو وتویەتی حەقی ئاشکرایە، ئەم کەسانە وهاوشێوەیان چی تێدایە ئەگەر بیر بکەنەوە و تێ بڕوانن لەو شتانەی کە بەپێچەوانەی بۆچونەکەیەوە نوسراوە، لەوانەیە حەقێك ببینێت کە بەرهەڵستی کردووە وە نازانێت، بۆ ئەوەی بە قسەکەی ئەم کەسانێك بگەڕێتەوە کە گومڕا بوونە، هەتا دوایی پەشیمان نەبێتەوە، وە لە کاتێکدا کە کاتی پەشیمانی نەمابێت .

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەکو هەموو ئەوانی تر وایە، وەردەگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە، وە وەڵام دانەوەکانیش لە نێوان پێدا هەڵدان و تانە و تەشەر لێدان و بە باش باس کردن و قسە پێ ووتندا دەبن، بەڵام ئەمانە زیانمان پێ ناگەیەنن و لە هەوڵ دانمان کەم ناکەنەوە هەتا ئێمە لەسەر حەق بڕۆین وپشت بەخوا ببەستین. وە ووتراوە:

إعمل لنفسك صالحاً لا تحتفل
بظهور قيل في الأنام وقال
فالناس لا يرجي اجتماع قلوبهم
لا بد مـــن مثن عليك وقالي

واتە: کردەوەی باش بکە بۆ خۆت و ئاهەنگ مەگێڕە بە دەرکەوتنی چاکەکانت و چاکەت وتراو چاکەت دەڵێن لە ناو خەڵکیدا، چونکە خەڵکی ئاوات ناخوازرێت بە کۆبونەوەی دڵەکانیان هەر دەبێت کەسانێك باش باست بکەن و کەسانێکیش قسەت پێ بڵێن .

وە داوا ئەکەم لە خوای گەورە ئەم کردەوەیەم بە دڵسۆزی و بە تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت، وە بەم نامەیە سود بگەیەنێت بە خەڵکی، وە حەقمان بە حەق نیشان بدات و شوێن کەوتنیمان پێ ببەخشێت، وە بەتاڵیشمان بە بەتاڵ پێ نیشان بدات و دورکەوتنەوەیمان پێ ببەخشێت، وە لێمانی تێك نەدات کە گومڕابین، هەر ئەو بیسەرە و وەڵامدەرە .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

**نوسەر**

# التكفير
# أصوله وضوابطه
### بەکافر زانین – بنچینەکانی و ڕێك خەرو بەستەرەکانی

کافر کردنی هەموو کەسێك کە حوکم نەکات بە قورئان بەبیٚ درێژی (تفصیل) دیاردەیەکی ترسناکەو ناشاردرێتەوە لە هەموو کەسێکی خاوەن عەقڵ و دین، وە پەلە کردن لە دەربڕینی کوفر بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، وەزمان درێژی کردن لە ئابڕووی کاربەدەستان هۆکاری ئاشکراو سەرئەنجامی خراپی خۆی هەیە کە لە زۆر ووڵات و شوێن دا گەیشتۆتە ئاژاوەو دەرچوون، کە لە ئەنجامی دا ماڵ وێرانی و گیان دەرچوون و ناموس پێشێل کردن ڕووی داوە، وە پارچە پارچەیی و جیاوازی و بچڕان لە نێوان موسڵمانان دا دروست بووە، وە ڕێگای بانگەواز کردن و چاکسازی تەنگ بووە، وە ئەمیش ئاشکرایەو بینراوە.

وە لەبەر گرنگی ڕوون کردنەوەی حەق لەم بابەتەدا هەندێ لە قسەی زانا باوەڕ پێکراوەکانم کۆ کردوەتەوە لەم ئیشە گەورەیەدا، رەحمەتی خوا لەوانەیان بێت کە نەماون وە ئەوەیشی کەماوە بیانپارێزێت، بە جەخت لەسەرکراوی بابەتی (حوکم نەکردن بە قورئانیان) ئاشکرا ڕوون کردۆتەوە و درێژەیان پیٚ داوە بۆ( **إقامة الحجة** ) کردنە سەر ئەو کەسانەی کە دەقی کورت و گۆڕینی مانا و ڕەهاو بەربڵاو گومڕاکردن وەردەگرن ( **الإجمال و التأويل والإطلاق والتضليل** ).

رەحمەتی خوا لە ابن القيم بێت کە دەفەرمێت:

**فعليك بالتفصيل والتبين فال**
**إطلاق والإجمال دون بيان**
**قد أفسد هذا الوجود خبطا ال**
**أذهان والآراء كل زمان**

واتە: دەست بگرە بە دەقە درێژو ڕوون کراوەکانەوە، چونکە دەقی بەربڵاو ڕەهاو کورت بەبیٚ ڕوون کردنەوە ئەم بوونەوەرەیان توشی ئاشوب کردووە، وە بیرو هۆش و بۆچونیان لە هەموو سەردەمێك دا تێك داوە .

وە پێش ئەوەی بچمە سەر ووتەی زانا بەڕێزو پایە بەرزەکان، وە هەتا خوێنەر بخەمە ناو شێوەیەکەوە کە ئەم کەسانەی پیٚ گەیشتون لە ئەنجامی تێکەڵ کردن و ئیش کردن بە دەقە کورتەکان و لادان و گۆڕین، لەگەڵ کەمیٚ زانیاری و تێگەیشتن، زانیاری‌یەکی تازە باس دەکەم کە چاوەڕوانی ڕوودانیم نەدەکرد لە کەسانێکەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چاکسازن، ئەویش ئەوەیە: لەگەڵ ڕوونی و دیاری دەقە یەکلاکەر و ئاشکرا ودرێژەکان لە پەرتوکەکانی ئەهلی سونەت و جەماعەت لە پێشینەکان وپاشینەکان (السلف والخلف) لەبابەتی تەکفیر، بینراوە کە کەسانێك قسەکانیان کۆدەکەنەوە لە شوێنێکی تایبەتی دەست نیشان کراودا کە خۆی لەماناو ناوەڕۆکەکەی تێنەگەیشتوە لەبەرکەمی هەست کردنی، پاشانیش دەقەکە مل کەچ دەکات و دەگۆڕێت بە گوێرەی زانیاری‌یە کەمەکەی و بۆچونە هەڵچووە تورەکەی، هەتا لەیەکێکیان گێڕاوەتەوە ووتویەتی: گەیشتووەتە ئەوەی کەوا هەڵوێستی فلانە زانا- کە پێش چەند سەدەیەك کۆچی دوای کردووە-بنیات نراوە لەسەر(بەرنامەی سەلەفی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەردەمی) (**سلفية المنهج وعصرية المواجهة**)کە ئەمیش لە دروشمە بەتاڵەکانیانە، چۆن ئەبێت کەسێك بەرنامەکەی سەلەفی بێت و ڕووبەڕووبونەوەکەی سەردەمی بێت لەیەك

کاتدا... سەلەفی ئەوەیە کە زانا گەورەکانمانی لە سەرەوە ئەویش خۆشەویستە لە دڵماندا وە داواکارین لە خوای گەورە لەو کەسانە بین کە ئەو شوێنەوارانەیان گرتۆتە بەر.

بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی هاوچەرخی مەبەستی پێی زانینی دەوربەرە وەکو دەڵێن، وە هەبوونی توانا بەسەر خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕووداوەکان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا هەرچۆنێکیان بوویێت، کە ئەمیش شتێکی ڕەت کراوەیە لە بنچینەکەیەوە، چونکە دین بە بۆچوون نییە، وە هەوڵی هەرکەسێك یان ڕێکخراوێك کە (**ضوابطي شه رعي**) بەستەرەوە شەرعیەکان بەڕێوەیان نەبات ئەوا لە تاوان نزیك ترە وەك لە پارێزراوی، وە لەڕێ دەرچوون نزیکترە وەك لە دامەزراوی.

وە پێویستە بەربەست لەم شتە بەتاڵ و پوچەڵ و نەزانیانە بکرێت بە ووتنی حەق و ئاشکرا کردنی و ڕوون کردنەوە بۆ خەڵکی، چونکە هەڵسوکەوت و قسەی جوان کردن لەسەر حسابی دین لەبەرژەوەندی دا نییە ولەسەر گەردنی لاناچێت .

وە زۆر لە قوتابیانی زانست ڕاوەستاون وبێ دەنگن لە ڕوونکردنەوەی بەرنامەی ڕاست بە چەند بیانویەکی ناتەواوەوە، یەکێکیان ڕازی نابێت لەسەر دابەشکردنی پەرتوکێك کە ئاگاداری خەڵکی بکاتەوە لە بیدعەو ئەهلی بیدەع بەسەر قوتابیەکانی دا بۆ ئەوەی لێی دوور نەکەونەوە، یەکێکی تر پەرتوکی بەرنامەیی (منهجی) ناوێت، چونکە جیاوازی دروست دەکات لە بۆچوونەکانیدا بە قسەی خۆی، بە هیوای چ سودێکەوە دەبێت لەدەرسانێکدا کە ئەم زانیاریە گەورەیەی لێ کەم بێت، وەچ زانیارییەك سوود دەگەیەنێت بە خاوەنەکەی کە خۆی داناوە بۆ دژایەتی کردنی کاربەدەستانی، وە پەرتوکانێك کە خەڵکی فێرە حەق بکەن چ جیاوازی و ئاشوبێك دەنێنەوە هەتا خەڵکی خۆیان نەدەن بەدەست هەموو بیدعەچی‌یەکی ڕقاویەوە، وە خۆپاراستن چاکترە لە چارەسەرکردن.

نعيب زماننا والعيب فينا وما لزماننا عيب سوانا

واتە: تانەو کەم و کوڕی لەسەردەمەکەمان دەگرین کەم و کوڕیەکەش لە خۆماندایە، سەردەمەکەمان هیچ کەم و کوڕی نییە جگە لەخۆمان.

زانای پایەبەرز عبد العزيز بن عبد الله بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی هاندان لەسەر بانگەواز کردن بۆ لای خوا بە درێژی و ڕوونکردنەوەی ئیسلام بۆ خەڵکی بە بەڵگەی قورئان و سوننەت دەفەرمێت:

﴿(پێویستە لەسەر زانایان کە گرنگی بدەن بە بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە بە درێژی و ڕوونکردنەوەی ئیسلام بۆ خەڵکی بەبەڵگەکەیەوە لە قورئان و سوننەت، وە هانیان بدەن بۆ دامەزراوی لەسەر ئیسلام وەبەڕاسپاردەو ئامۆژگاری کردن بەمە لەگەڵ ترساندنیان لە هەموو شتێك کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئیسلام بێت، بەوە دەبن بە شوێن کەوتوانی ڕێگای پێغەمبەر ﷺ (وخولەفا ڕاشدینەکان) و هاوەڵە خوا لێ ڕازی بووەکان لە ڕوون کردنەوەی ڕێگای حەق و ڕێنمایی کردن بۆی و ئاگادارکردنەوە لەو شتانەی کە ئیشکردن پێچەوانەیەتی بە فەرمانی خوای گەورە، کە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ ﴿فصلت: ٣٣﴾.

واتە: کێ هەیە ووتەی لە ووتەی ئەو کەسە باشتر بێت کە بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ لای خوای گەورە و کردەوەی چاك بکات و بڵێت من لە موسڵمانانم.

وە دەفەرمێت: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ﴿يوسف: ١٠٨﴾.

واتە: ئەی محمد ﷺ بە موسڵمانان بڵێ ئەوە ڕێگا وبەرنامەی منە بانگەواز دەکەم بۆ لای خوای گەورە لەسەر چاو ڕۆشنایی (زانیاری و ئیش کردن پێی) ئەمە ڕێگای منە و هەرکەسێك کە شوێنی من کەوتبێت، وەپاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لە هەموو کەم و کوڕیەك وە من لەو کەسانە نیم کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدەم.

وە ئەفەرمێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ ﴿النحل: ١٢٥﴾.

واتە: بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای پەروەردگارت بەدانایی وکاربەجێیی (لەسەر سوننەت) وەبە ئامۆژگاری باش، وە گفتوگۆیان لەگەڵ بکە بە باشترین شێوە[١٢].

**هەندێك لە ووتەی زانایان لە بابەتی حوکم نەکردن بە قورئان:**

*شیخ الإسلام ابن تیمیه (٧٢٨ك کۆچی دوایی کردووە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(گومانی تێدا نییە کەوا هەر کەسێك باوەڕی بەواجب بوونی حوکم کردن نەبێت بەو قورئانەی کە خوای گەورە ناردویەتی‌یە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەوا کافرە (هەر کەسێك بە حەڵاڵی بزانێت کە حوکم بکات لە نێوانی خەڵکی دا هەر چۆنێك کە خۆی بەدادپەروەر ببینێت بە بێ شوێن کەوتنی ئەوەی کە خوای گەورە دای بەزاندوە ئەوا کافرە، چونکە هیچ نەتەوەیەك نی‌یە کە فەرمان نەکات بەحوکم کردن بە دادپەروەری، وەهەندێ جاریش دادپەروەری لە دینەکەیدا ئەوەیە کە گەورەکانیان بەدادپەروەری بزانن)[١٣] بەڵکو زۆربەی ئەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام حوکم بەو داب و نەریتانەیان دەکەن کە خوای گەورە دای نەبەزاندۆتە خوارەوە، وەك دەشت نشینە سەرەتای‌یەکان وە فەرمانی گوێڕایەڵەکان تیایان دا (سەرکردەکان)، وە وایشیان دەزانی کە ئەمە حوکمی پێ بکرێت جگە لە قورئان وسوننەت کە ئەویش کوفرە، چونکە خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا حوکم ناکەن تەنها بە داب و نەریتەکانی ناو خۆیان نەبێت کە سەرکردەکانیان فەرمانی پێ دەکەن، ئەمانە ئەگەر بزانن کەوا حوکم کردن دروست نی‌یە تەنها بەقورئان نەبێت وە پەیوەست نەبن بەمەوە بەڵکو بە حەڵاڵی بزانن کە حوکم بکەن بە پێچەوانەی قورئانەوە ئەوا کافرن، ئەگەر وا نەبوو ئەوا نەزانن هەروەکو چۆن پێشتر باس کران)[١٤].

*پێشەوای پایە بەرز ابن القیم الجوزیه (٧٥١ك کۆچی دوای کردووە) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمێت:

(ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە حوکم نەکردن بە قورئان هەردوو کوفرەکە دەگرێتەوە بچوك و گەورە، بە گوێرەی حاڵی کار بەدەستەکە (حاکم) ئەگەر باوەڕی بە واجب بوونی حوکم کردن بە قورئان هەبوو لەو ئیشەداو لێی لایدا بە سەرپێچی کردن لە گەڵ دان نانی بەوەی کە شایانی سزایە ئەمە کوفری بچوکە، وە ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا حوکم کردن بە قورئان واجب نی‌یە و ئەو سەرپشکەو بە ئارەزوی خۆیەتی کە بە چی حوکم دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیا بێت کە ئەوە حوکمی خوای گەورەیە، ئەوەیان کوفری گەورەیە، وە ئەگەر نەیزانی و هەڵەی تێدا کرد ئەمە هەڵە کەرەو حوکمی هەڵە کەرانی هەیە ))[١٥].

---

([١٢]) (رسالة التحذير من فتنة التكفير: ص ٩٩-١٠٠ ).

([١٣]) (ئەوەی کە لەنێوان دوو کەوانەکەدایە یەکێك لەسەرکردەکانی گەنجەکان لە قسەی ابن تەیمیەی وەرگرتووە لە نوسراوەکەیدا، چونکە خزمەتی بەرنامەکەی دەکات کە ڕاوەستاوە لەسەر کافر کردنی کۆمەڵگاکان، بەڵام هەمووی تەواو نەکردووە هەتا حەق ئاشکرا نەبێت.

([١٤]) (منهاج السنة النبوية: ٥/١٣٠).

([١٥]) (مدارج السالكين: ١/٣٣٧).

*زانـای پايـە بـەرز عبـدالرحمن بـن الـسعدی (١٣٧٦ك كۆچـی دوايـی كـردووە) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفەرمێت:

(حوكم نەكردن بە قورئان لە كردەوەكانی ئەهلی كوفرە، وە هەندێك جار دەبێت بە كوفرێك كە خاوەنەكەی لە ئیسلام دەردەكات، ئەگەر باوەڕی بە حەڵاڵی و دروستی حوكم نەكردن بە قورئان هەبوو، وە هەندێك جار دەبێت بە گەورەیەك لە تاوانە گەورەكان و لە كردەوەكانی كوفر كە خاوەنەكەی شایانی سزای سەختە .

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ﴿المائدة: ٤٧﴾.

ابن عباس (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت:

كوفری بچوك و ستەمی بچوك وفسقی بچوكە، ستەمی گەورەیە لە كاتی بە حەڵاڵ زانینی وە تاوانێكی گەورەیە لە كاتی حەڵاڵ نەكردنی)[١٦].

*پێشەوا ابن الجوزی (٥٩٦ ك كۆچی دوایی كردووە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(ووتەی یەك لا كەرەوە ئەوەیە كەوا هەر كەسێك حوكم نەكات بە قورئان و ئینكاری بكات وبیشزانێت كە خوای گەورە ناردویێتی‌یە خوارەوە وەكو جولەكە كە وایان دەركرد ئەوا كافرە، وەهەر كەسێك حوكم نەكات بە قورئان لەبەر لادانی بەهەواو ئارەزوو بە بێ ئینكاری كردنی ئەوا ستەم كارەو فاسقە، وە لە عەلی كوڕی ابی طلحة وە لە ابن عباسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاوێتی‌وە كە فەرموویەتی: هەركەسێك ئینكاری قورئان بكات ئەوا كافرە، وە هەر كەسێك دانی پێدابنێت بەڵام حوكمی پێ نەكات ئەوا ستەم كارە، فاسقە)[١٧].

*زانا محمد الأمين الشنقيطي (١٣٩٣ ك كۆچی دوایی كردووە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(بزانە ڕزگاركردنی شوێن لەم لێكۆڵینەوەیەدا ئەوەیە كەوا كوفر و ستەم و فسق هەریەكێ لەمانە لەشەرعدا بەبەربڵاوی(ڕەهایی) ووترابێت مەبەست پێ‌ی هەندێ جار تاوانەو هەندێ جاری تریش مەبەست پێ‌ی كوفری گەورەیە، هەر كەسێك حوكم نەكات بە قورئان وبەرهەڵستكاری پێغەمبەری ﷺ پێ بكات و حوكمەكانی خوای گەورەی پێ بەتاڵ بكاتەوە ئەوا ستەمەكەی و فسقەكەی و كوفرەكەی هەمووی گەورەیەو لە ئیسلام دەری دەكـات، وە هەركەسـێك حـوكمی نـەكرد بـەقورئان بـاوەڕی وابێـت كـە ئیـشێكی ناشـیرین و حـەرامی جێبەجێ‌كردووە ئەوا كوفرەكەی و فسقەكەی و ستەمەكەی بچوكەو لە ئیسلام دەری ناكات)[١٨].

*پێشەوا ابن ابي العز الحنفي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(لێرەدا شتێك هەیە پێویستە شارەزا بیت تێیدا ئەویش ئەوەیە حوكم نەكردن بە قورئان هەندێك جار دەبێت بە كوفرێك كە خاوەنەكەی لە ئیسلام دەردەكات وە هەندێ جار دەبێت بەتاوانی گەورە یا بچوك، وەهەندێ جار دەبێت بەكوفری مەجازی یاخود بچووك لەسەر هەردوو ووتە باسكراوەكە ئەویش بەگوێرەی حاڵی حاكمەكە: ئەگەر باوەڕی وابوو كە حوكم كردن بەقورئان واجب نی‌یە و خۆی تێیدا سەربەستەو توانای هەڵبژاردنی هەیە یاخود بەسووكی دابنێت لەگەڵ ئەوەی كە دڵنیا بێت كە حوكمی خوای گەورەیە ئەوە كوفری گەورەیە، وە ئەگەر باوەڕی وابوو كە حوكم كردن بە قورئان واجبە لەو بابەتەیشدا زانی بەڵام لای دا لێ‌ی لەگەڵ دان نانی

---

([١٦]) (تيسير الكريم الرحمن: ٢/٢٩٦-٢٩٧).

([١٧]) (زاد المسير: ٢/٣٦٦).

([١٨]) (أضواء البيان: ٢/١٠٤).

بەوەی کە شایەنی سزایە ئەمە سەرپێچی کارە (عاص) وەپێی دەوترێت کافرە کوفری مجازی یاخود کوفری بچووک )[١٩].

*پێشەوای نوێکەرەوە خاوەنی فەزڵ بەسەر ئەم وڵاتە بەتایبەتی و لەسەر هەموو موسڵمانان بەگشتی شیخ محمدی کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتەیەکی درێژی هەیە لەسەر هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام شایەنی باسکردنە کە لەم شوێنەدا باسی بکەین، شێخ دەفەرمێت:

(بزانە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام(١٠) دەن:

یەکەم: هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە لە پەرستنی دا، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ ﴿النساء: ١١٦﴾.

واتە: خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات، وە لەو بچوکتر لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت بۆ هەر کەسێك کە ویستی لێ بێت. وە دەفەرمێت:

﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ ﴿المائدة:٧٢﴾ .

واتە: هەر کەسێك هاوبەش بڕیار بدات بۆ خوای گەورە ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات و شوێنی ئەو کەسە دۆزەخەو ئەو ستەمکارانەی کە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە هیچ سەرخەرو پشتیوانێکیان نی‌یە کە ڕزگاریان بکات لە ڕۆژی قیامەتدا .

دووەم: هەرکەسێك لە نێوان خۆی وخوای گەورەدا کەسانێك بکات بە (واسطة) لێیان بپاڕێتەوە وداوای تکایان (شەفاعەتیان) لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێت و(توكل) بکاتە سەریان ئەوا بەیەك دەنگی زانایان کافر دەبێت.

سێیەم: هەر کەسێك هاوبەش بڕیاردەران بەکافر نەزانێت، یاخود گومانی هەبێت لە کوفریاندا، یاخود ڕێگاو بەرنامەیان بەڕاست دابنێت ئەوا کافر دەبێت.

چوارەم: هەر کەسێك باوەڕی وابێت کە هیدایەت وڕێگای جگە لە پێغەمبەر ﷺ تەواوترە لە ڕێگاو هیدایەتی پێغەمبەر ﷺ، یاخود حوکمی جگە لە پێغەمبەر ﷺ باشترە لە حوکمی پێغەمبەر ﷺ وەکو کەسێك فەزڵی حوکمی طاغوتەکان بدات بەسەر حوکمەکەی پێغەمبەردا ﷺ ئەوا کافرە.

پێنجەم: هەر کەسێك ڕقی لەهەر شتێك بێت کە پێغەمبەر ﷺ هێناویێتی، هەرچەندە ئەگەر خۆی کردەوەی پێ بکات ئەوا کافر دەبێت.

شەشەم: هەر کەسێك گاڵتە بکات بە شتێك لەدینی پێغەمبەر ﷺ یاخود پاداشتی خوای گەورە یاخود سزاکەی ئەوا کافر دەبێت، بەڵگەش خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ ﴿التوبة: ٦٥-٦٦﴾.

واتە: ئەی محمد ﷺ بەدووڕووەکان بڵێ ئایە ئێوە گاڵتەتان بە خوای گەورە و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی دەکرد، عوزرو بیانو مەهێننەوە و داوای لێ بوردن مەکەن،

چونکە بە تأکیدی کافربوونتان ئاشکرا بوو لەپاش ئەوەی کە باوەڕهێنانتان ئاشکرا کردبوو[٢٠].

---

([١٩]) (شرح العقيدة الطحاوية: ٣٦٣).

حەوتـەم: جـادو كـردن (سـحر) لەجۆرەكانيـشى خۆشەويـست كردنـى ژنـە لـەلاى مێردەكـەى وە بـە پێچەوانەوە(العطف والصرف)، جار هەر كەسێك بيكات ياخود پـێ‌ى رازى بێت ئـەوا كافر دەبێت، بەڵگـەيش خواى گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾ ﴿البقرة: ١٠٢﴾ .

واتە: هاروت و ماروت كەسيان فێرە جادوو نەدەكرد هەتا ئاگاداريان دەكردەوەو پێيان دەوت ئێمە تەنها تاقى كردنەوەين خواى گەورە بە هۆى ئێمەوە ئێوە تاقى دەكاتەوە جا خۆتان توشى كوفر مەكەن بە هۆى جادوو كردنەوە .

هەشتەم: هاوكارى كردن و يارمەتى دانى هاوبەش بڕياردەران بە سەر موسڵمانان دا، بەڵگەش خواى گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ ﴿المائدة:٥١﴾ .

واتە: هەر كەسێك لە ئێوە خۆشەويستى بۆ بێ باوەڕان و هاوبەش بڕياردەران دەربڕێت و هاوكاريان بكات، ئەوا لەوانە، خواى گەورە بە تأكيد هيدايەت و ڕێنمونى كەسانى ستەمكار ناكات.

نۆيەم: هەر كەسێك باوەڕى وابێت كەوا هەندێ كەس بۆيان هەيە دەرچن لە شەريعەت وياساى پێغەمبەر ﷺ هەروەكو چۆن بۆ خضر ﷺ هەبوو كەدەرچێت لە شەريعەتى موسى ﷺ ئەوا كافرە[٢١] .

دەيەم: پشت كردن لە دينى خواى گەورە ،فێرى نەبێت وئيشى پێ نەكات، بەڵگەيش خواى گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنْتَقِمُونَ﴾ ﴿السجدة: ٢٢﴾.

واتە: كێ لەو كەسە ستەمكار ترە كە ئايەتەكانى خواى گەورەى ياد بخرێتەوە، ئەويش لە جياتى وەرگرتن و ئيش پێ كردن پشتى تێ بكات، ئێمە تۆڵە لەو كەسە تاوانبارانە دەسەنين .

لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا جياوازى نىيە لە نێوان كردنيان بە گاڵتە ياخود بە ڕاستى، ياخود لەترساندا، تەنها كەسێك نەبێت كە زۆرى لێ كرابێت (المكره)، وە هەموويان ترسناكيان زۆر گەورەيە، وە زۆريش روو دەدەن، بۆيە پێويستە موسڵمان ئاگاداريان بێت ولێ يان بترسێت لەسەر خۆى، پەنا دەگرين بەخواى گەورە لەو شتانەى كە تووڕە بوونى خواو سەختى سزاكەى پێويست دەكەن،

وصلى الله على خير خلقه محمد وآله وصحبه وسلم[٢٢] .

*زاناى پايە بەرز عبدالعزيز عبدالله بن باز (ڕەحمەتى خواى لێ بێت) دەفەرمێت:

---

(٢٠) هۆى هاتنە خوارەوەى ئەم ئايەتە ئەوەبوو لە غەزاى تەبووك يەكێك لە دوو ڕووەكان بە هاوەڵێكى پێغەمبەرى ﷺ ووت: كەسم وەكو محمد ﷺ و هاوڕێكانى نەبينيووە كە درۆزن بن لە كاتى قسەكردندا، وە بە هۆڵى سكيانەوە بن، وە لە كاتى ڕووبەڕوو بوونەوەشدا ترسنۆك بن، هاوەڵەكەش ووتى: درۆت كرد تۆ دوو ڕوويت دەبێت پێغەمبەر ﷺ ئاگادار بكەمەوە، هەتا ئەمان گەيشتنە لاى پێغەمبەر ﷺ ئەم ئايەتە هاتبووە خوارەوە، دوو ڕووەكەش دەيوت گاڵتەمان دەكرد و دەمەتەقێمان دەكرد بۆ ئەوەى دوورى ڕێگاكەمان كورت ببێتەوە، پێغەمبەر ﷺ هيچى پێ نەفەرموو تەنها ئەم ئايەتەى بۆ دووبارە دەكردەوە: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ ﴿توبة: ٦٥-٦٦﴾. -وەرگێڕ-

(٢١) چونكە خضر و موسى (عليهما الصلاة والسلام) هەردووكيان پێغەمبەر بوونەو شەريعەتى خۆيان هەبووە كەسيان پەيوەست نەبوونە بە شەريعەتى ئەوى تريانەوە. وەرگێڕ

(٢٢) (مؤلفات الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب —القسم الأول: العقيدة والآداب الإسلامية).

(هەرکەسێك حوکم نەکات بە قورئان لەم چوار شتە دەرناچێت:

١- یان دەڵێت: من حوکم دەکەم بەم یاسایە (جگە لە قورئان)، چونکە باشترە لە شەریعەتی ئیسلام، ئەوە کافرە کوفرێکی گەورە .

٢- یا دەڵێت: من حوکم دەکەم بەم یاسایە (جگە لە قورئان)، چونکە وەکو شەریعەتی ئیسلام حوکم کردن بەم یاسایەیش دروستە بە شەریعەتی ئیسلامیش دروستە، ئەمیش کافرە کوفری گەورە .

٣- یان دەڵێت: من حوکم دەکەم بەم یاسایە (جگە لە قورئان) وە حوکم کردن بەشەرعی ئیسلام باشترە، بەڵام حوکم کردن بە جگە لە قورئانیش دروستە، ئەمیش کوفرە کوفری گەورە.

٤- یان دەڵێت: من حوکم دەکەم بەم یاسایە (جگە لە قورئان) وە باوەڕی وا بێت حوکم کردن بە جگە لە قورئان دروست نییە، وە بڵێت حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلام باشترە وە دروست نییە حوکم بە جگە لەو بکرێت، بەڵام گرنگی وبایەخ نەدات، یاخود ئەمە دەکات لەبەر فەرمانێکی دەرچوو لە کاربەدەستەکانییەوە، ئەمە کافرە کوفری بچوك لە ئیسلام دەری ناکات وبە گەورەترین تاوان دەژمێردرێت[٢٣].

*وە زانای فەرمودەناس محمد ناصر الدین البانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتەیەکی درێژی چارەسەرکەری هەیە لە بابەتی کافر کردنی خەڵکی (تکفیر) لە گۆڤاری السلفیة ١/١٤١٥ك بڵاو کرایەوە، هەروەها لە نامیلکەی (رسالة فتنة التكفير والحاكمية) بڵاوکرایەوە، وە دابەش کرا لە چوارچێوەیەکی فراواندا، وە لە ڕۆژنامەی (المسلمون) بڵاو کرایەوە، وە زانای پایە بەرز عبدالعزیز بن عبدالله بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە گۆڤاری (الدعوة)ی سعودی ژمارە (١٥١١)جمادي الأولي ١٤١٦ك قسەی لەسەر کردوو فەرمووی:

( الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه، أما بعد:

تەماشای ئەو وەڵامە بەسودە بەنرخەم کرد کە زانای خاوەن فەزڵ محمد ناصر الدین الألباني فەرموو بووی -خوای گەورە سەرکەوتووی بکات- کە بڵاو کرابۆوە لە ڕۆژنامەی (المسلمون) کە بەڕێزیان وەڵامی ئەو کەسەی دابۆوە کەپرسیاری لێ کردبوو دەربارەی کافر کردنی کەسێك کە حوکم نەکات بە قورئان بەبێ درێژی، بینیم ووتەیەکی زۆر بەنرخ بوو تیایدا حەقی پێکابوو ڕێگای پێشینەکانی گرتبوو، وە ڕوونی کردبۆوە -خوا سەرکەوتووی بکات- کەوا دروست نییە هیچ کەسێك لە خەڵکی کەسێك کافر بکات کە حوکم بکات بە جگە لە قورئان تەنها لەبەر کردەوەکەی بەبێ زانینی ئەوەی کەوا بەدڵی حەڵاڵی کردووە یان نا، وەئەوەیش کە لە(ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) وجگە لەویشەوە هاتووە لە پێشینەکانی ئەم نەتەوەیەوەی کردووە بە بەڵگە، وەگومانی تێدا نییە ئەوەی لەوەڵامەکەی دا باسی کردبوو بۆ تەفسیری ئەم ئایەتانە ئەوا ڕاستە:

﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ ﴿المائدة:٤٤﴾ .

﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ﴿المائدة:٤٥﴾.

﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ﴿المائدة:٤٧﴾.

وە ڕوونی کردبۆوە -خوا سەرکەوتوی بکات- کە کوفر دوو کوفرە: گەورەو بچوك، هەروەك چۆن ستەم دوو ستەمەو فیسقیش بەهەمان شێوە دوو فیسقە گەورەو بچوك، جا هەر کەسێك حوکم کردن بەجگە لە قورئان یاخود زینا کردن یاخود سو خواردن یاخود جگە لەمانە لەو حەرامانەی کە زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرامیان حەڵاڵێ بکات ئەوا کوفری گەورەو ستەمی گەورە و فیسقی گەورەی کردووە. وە هەر کەسێکیش بیانکات بەبێ

(٢٣) (الحكم بغير ما أنزل الله وأصول التكفير: ص ٧١-٧٢).

حەڵاڵ کردنیان ئەوا کوفرەکەو ستەمەکەو فیسقەکەی بچوکە، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لە ابن مسعودەوە ﷺ: (**سباب المسلم فسوق و قتاله كوفر**)[٢٤] .

واتە: جنێودان بەموسڵمان فیسق ودەرچونە لە گوێڕایەڵی و کوشتنیشی کوفرە.

پێغەمبەر ﷺ مەبەستی بەوە فیسقی بچوك و کوفری بچوکە، بەڵام دەستەواژەکەی بەبەربڵاوی ورەهایی فەرمووە تا خەڵکی ڕابکەن و خۆیان دوور بخەنەوە لەم کردەوە خراپانە، وەبەهەمان شێوە ئەم فەرموودەیەی تریش کە دەفەرمێت:

(**اثنتان في الناس هما بهم كفر: الطعن في النسب والنياحة على الميت**)[٢٥].

واتە: دوو شت لەناو خەڵکی دا هەیە کە کوفرە: تانەو تەشەردان لە ڕەچەڵەکی یەکتر و هاوارکردن و لاواندنەوەی مردوو.

وە ئەم فەرموودەیەی تری کە دەفەرمێت:

(**لا ترجعوا بعدي كفاراً يضرب بعضكم رقاب بعض**)[٢٦].

واتە: لەپاش من مەبنەوە بە کافر هەندێکتان بدات لەگەردنی هەندێکی ترتان .

وە وتەی ئەم دوو زانا بەڕێزە خوێنرایەوە بەسەر زانای پایە بەرزو خاوەن ڕێز محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەکاتی وانەکەیدا لە مزگەوتی خۆی ئەویش پێی ڕازی بوو وە پاڵ پشتی کرد و ئامۆژگاری کرد بە بڵاوکردنەوەی (ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت) وەپاداشتی باشیان بداتەوەو پلەو پایەیان بەرزبکاتەوە لە دونیاو قیامەتدا-.

پاشان بەگوێرەی تێگەیشتنی لەووتەی هەردوو زاناکە بەڕێزیان فەرموویان:

کوفر بۆ کەسێکە کە ئەم شتە (حوکم کردن بە جگە لە قورئان) بە حەڵاڵ بزانێت، بەڵام کەسێك حوکم بکات بەجگە لە قورئان ئەوە سەرپێچییەکی تاوانە، ئەمە کافر نییە، چونکە حەڵاڵی نەکردووە، بەڵام لەوانەیە لەترساندا بێت یاخود لە بێ دەسەڵاتیدا و هاوشێوەی ئەمانە، هەرسێ ئایەتەکە بەسەر سێ حاڵەتدا دابەش دەبێت .

١- هەر کەسێك حوکم بکات بەجگە لە قورئان لەجیاتی دینی خوای گەورە ئەمە کوفری گەورەی لەدین دەرکەرە، چونکە ئەو کەسە خۆی بەیاسا دانەر داناوە لەگەڵ خوای گەورە، وە لەبەر ئەوەی شەریعەتی خوای گەورەی پێناخۆشە .

٢- هەر کەسێك حوکم بکات بەجگە لەقورئان لەبەر ئارەزوویەك لە نەفسی دا، یاخود ترسان لێی و هاوشێوەی ئەمانە ئەمە کافر ناکرێ بەڵام دەگوازرێتەوە بۆ فیسق.

٣- هەر کەسێك کە حوکم بکات بەجگە لەقورئان بۆ دژایەتی و ستەم کردن، وەئەم نایەت لەحوکمی یاساکاندا بەڵام لە حوکمێکی تایبەتدا دێت بۆ نمونە: حوکم بدات بەسەر کەسێکدا بەجگە لە قورئان تا تۆڵەی لێ بسێنێت ئەمە پێی دەوترێت ستەمکار (**ظالم**)، کەواتە وەسفەکان بەگوێرەی حاڵەتەکان دابەش دەبن، وە

---

([٢٤]) (رواه البخاري والترمذي والنسائي وابن ماجة والحاكم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٣٥٩٥، ٣٥٩٦، وصحيح سنن ابن ماجة: ٦٩).

([٢٥]) (أخرجه مسلم في صحيحه، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٥٢٤).

([٢٦]) (رواه البخاري والنسائي والترمذي وابن ماجة وأبو داود، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٥٧٧ و ٧١٣١ و٧٢٧٦ و٧٢٧٧، وصحيح سنن أبي داود: ٤٦٨٦، وصحيح سنن ابن ماجة: ٣٩٤٢).

لەناو زانایاندا هەیە کە دەڵێت: ئەمانە چەند وەسفێکن بۆ یەك کەس، وەهەموو کافرێك زاڵمە وە هەموو کافرێك فاسقە، ئەم ئایەتەیشیان کردووە بەبەڵگە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ﴿البقرة: ٢٥٤﴾ .

واتە: کافرەکان ئەوان ستەمکارن، وە بەفەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرمێت: ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ فَسَقُوا فَمَأْوَاهُمُ النَّارُ﴾ ﴿السجدة: ٢٠﴾.

واتە: ئەوانەی وا سەرپێچیان کردووە شوێنیان ئاگری دۆزەخە، کە ئەویش سەرپێچی کردنی گەورەیە[٢٧] .

*هەروەها دەربارەی کافر کردن و فاسق کردن زانای پایە بەرز شێخ العثیمین دەفەرمێت: (حوکمی کافر کردن وفاسق کردنی خەڵکی بۆ ئێمە نییە بەڵکو بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ، چونکە لەو حوکمە شەرعیانەیە کەوا شوێنی گەڕانەوەیان بۆ لای قورئان و سوننەتە، بۆیە پێویستە ئەوپەڕی جەخت بکرێت و کەس کافرو فاسق نەکرێت تەنها ئەوە نەبێت کە بەڵگەی قورئان و سوننەت هاتووە لەسەر کوفر یان فیسقی، وە بنچینە لەو موسڵمانەی کە عەدالەتی ئاشکرایە، مانەوەی عەدالەت وئیسلامەکەیەتی و هەتا نەمانی ئەو شتانەی لێ دەردەکەوێت و لێ ئاشکرا دەبێت بەگوێرەی بەڵگەی شەرعی، وە دروست نییە مرۆڤ ئاسانکار بێت لە کافر کردن و فاسق کردن دا، چونکە لەو شتەدا دوو ئاگادار لێ کراوی گەورەی تێدایە:-

یەکێکیان: هەڵبەستنی درۆیە بۆ خوای گەورە لە حوکم دان و حوکم لەسەردراودا لەو وەسفەی کە پێت ووتوە .

دووەم: کەوتنە ناو ئەو شتەی کە بەبراکەی ووتوە ئەگەر لێی پارێزراو بێت و تێیدا نەبێت. لە صەحیحی مسلم دا هاتوە لە عبدالله ی کوڕی ئیمامی عمر (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(إذا أكفر الرجل أخاه فقد باء بها أحدهما)[٢٨].

واتە: ئەگەر کەسێك برایەکی بەکافر بزانێت ئەوا یەکێکیان دەگرێتەوە، وە لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمێت:

(إن كان كما قال وإلا رجعت عليه)[٢٩].

واتە: ئەگەر وابوو کەپێی ووتوە (کافر بووە) باشە ئەگەر نا ئەوا کوفرەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا لە أبی ذەرەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ:

(ومن دعا رجلا بالكفر أو قال عدو الله وليس كذلك إلا حار عليه)[٣٠].

واتە: هەر کەسێك بانگی یەکێك بکات بە کوفر (کوفر بداتە پاڵی) یاخود پێی بڵێ ئەی دوژمنی خوا، وە واش نەبێت (ئەو کەسە دوژمنی خوا نەبێ) ئەوا ئەو حوکمە (کوفرەکە) بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

بۆیە پێویستە پێش حوکم دان بەسەر موسڵمانیکدا بە کوفر یا فیسق تەماشای دوو شت بکرێت:

یەکەم: بەڵگەی قورئان و سوننەت لەسەر ئەوەی کەوا ئەم ووتەیە یا کردەوەیە کوفرە یان فیسق پێویست دەکات بەسەر خاوەنەکەیدا .

دووەم: جێبەجێ کردنی ئەم حوکمە بەسەر بێژەری دەست نیشان کراو یان بکەری دەست نیشان کراو (ئەوەی قسەکە یان ئیشەکەی کردووە)، بەشێوەیەك کە مەرجەکانی تەکفیر یان تەفسیقی تێدا بێت، وە

---

(٢٧) رسالة التحذير من فتنة التكفير: ص١٠٣-١٠٤ ).

(٢٨) (صحيح الجامع الصغير: ٣٧٧).

(٢٩) (رواه البخاري ومسلم وأبوداود والترمذي ومالك، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٩١، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٧٢).

(٣٠) (متفق عليه، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٩٨٥ و٢٧٧٣، ومشكاة المصابيح: ٤٨١٧، وصحيح الجامع الصغير: ٥٤٣١).

بەرهەڵستییەکانی تێدا نەبێت، وە لە گرنگترین مەرجەکان ئەوەیە کە دەبێت ئەو کەسە زانا بێت و شارەزا بێت بەو سەرپێچییەی کە کردوویەتی، وە کافر یا فاسقی پێویست کردووە بەسەریدا، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ ﴿النساء: ١١٥﴾.

واتە: هەر کەسێك دەرچێت لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ وە سەرپێچی بکات ودژایەتی بکات لەپاش ئەوەی هیدایەت ورێنمونی بۆ ڕوون بووبێتەوە، وە شوێنی ڕێگای جگە لەباوەڕداران بکەوێت (السلف)، ئەوا دەیگەیەنین بە کافران و گومڕایان، وە سزای دۆزەخی پێ دەچێژین کە خراپترین سەرەنجامە.

هەروەها دەفەرمێت:

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ إِنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ ﴿التوبة: ١١٥-١١٦﴾ .

واتە: خوای گەورە نەتەوەیەك یان کەسانێك گومڕا ناکات لەپاش ئەوەی کە هیدایەتی دابن بۆ ئیسلام –کاتێك دەست بکەن بەئەنجام دانی قەدەغە کراوەکانی خوای گەورە هەتا بۆیان ڕوون نەکاتەوە کە ئەوە قەدەغەیە خۆتانی لێ بپارێزن– خوای گەورە زانا و ئاگادارە بە هەموو شتێك، وەبەڕاستی خوای گەورە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەیە، هەر ئەوە دەژێنێت و دەمرێنێت، وە ئێوە جگە لەخوای گەروە هیچ پشتیوان و یارمەتی دەرو سەرخەرتان نییە .

بۆیە زانایان دەفەرموون: کەسێك کافر ناکرێت کەبەرهەڵستی ونکوڵی لە فەرزەکان بکات ئەگەر تازە موسڵمان ببوو هەتا بۆی ڕوون دەکرێتەوە[٣١].

زانای پایە بەرز (ابن القیم الجوزیة) لە (القصیدة النونیة) کەیدا دەفەرمێت:

الکفر حق الله ثم رسوله　　　بالنص یثبت لا بقول فلان

من کان رب العالمین وعبده　　　قد کفراه فذاك ذو الکفران

واتە: کوفر حەقی خوایە پاشان پێغەمبەر ﷺ، بە ئایەت و حدیث جێگیر دەبێت نەك بەقسەی فلانە کەس، هەر کەسێك پەروەردگاری جیهان و بەندەکەی(پێغەمبەر ﷺ) کافری بکەن ئەوا ئەو خاوەنی هەردوو کوفرەکەیە (گەورە وبچوك).

ئەمە لەترسی درێژی بەوەندە کۆتایی دێنم کە هێناومە لە ووتەی زانایان لەکۆن وتازەدا لەم بابەتەدا کەوا هەڵدەگیرسێنرێت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر (ناوبەناو) لە لایەن کۆمەڵ وڕێکخراوانێکەوە کە هیچ کێشەیەکیان نییە جگە لەکافر کردنی کۆمەڵگاکان ودەرچوون لەسەر حکومەتەکان بەناوی دین وچاکسازی، لەپاش حەقیش هیچی تر نییە جگە لە گومڕایی..

ئەم ئیشە زۆر ئاشکراو ڕوونە بەڵام دڵانێکە کە ڕق و کینەیان خواردۆتەوە وە چاوانێکە کە کوێر بوونە لە ئاستی حەقدا بەئارەزوو وگێلی. وە ووتراوە:

أذا لم یکن للمرء عین صحیحة　　　فلا غرو أن یرتاب والصبح مسفر

ومن یتبع لهواه أعمى بصیرة　　　ومن کان أعمى بالدجى کیف یبصر

---

(٣١) (القواعد المثلى في صفات الله وأسمائه الحسنى: ص٨٧-٨٨-٨٩).

واتە: ئەگەر مرۆڤ چاوێکی ساغی نەبێت ئەوا سەرسوڕهێنەر نی‌یە کە لەگومان دا بێت لە ڕوناکی و بەیانیش ڕوناک بێت، وەهەر کەسێکیش بۆ ئارەزووی خۆی شوێنی کەسێکی بینایی کوێر بکەوێت، وە هەر کەسێك کە کوێر بێت بەتاریکی شەو، چۆن شت دەبینێت.

تێگەیشتن لەم دەقە ئاشکرایانەی کەوا هێناومەتەوە ئەوەیە کەوا حەڵاڵ نی‌یە بۆ هیچ کەسێك کەووتەی کافر کردن بەکاربهێنێت بۆ کەسێك کە حوکم نەکات بە قورئان یاخود تاوانێك لەتاوانەکان ئەنجام بدات وەك زینا یاخود ریبا یاخود جگە لەمانە بەبێ درێژی (تفصیل)، چونکە کەس کافر ناکرێت تەنها ئەوە نەبێت کە بەڵگەی قورئان و سوننەت هاتووە لەسەر کافر کردنی، چونکە لەمەدا هەڵبەستنی درۆی تێدایە بۆ خوای گەورە لە حوکم کردن وحوکم بەسەر کراویش دا بەکافر ئەگەر وانەبێت، پاشانیش گەڕانەوەی کوفر بۆ خاوەنەکەی ئەگەر بەرامبەرەکەی سەلامەت بێت لەکوفر وکوفری تێدا نەبێت، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمێت:

(**أيما رجل قال لأخيه يا كافر فقد باء بها أحدهما، إن كان كما قال وإلا رجعت عليه**)[٣٢].

واتە: هەر کەسێك بەبرایەکی بڵێت هەی کافر ئەوا یەکێکیان دەگرێتەوە، ئەگەر وابێت( کافر بێت) ئەوا تەواوە ئەگەر نا ئەوا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، وە لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمێت:

(**إذا كفر الرجل أخاه**).

وە دەفەرمێت:

( **لا يرمي رجل رجلاً بالفسوق ولا يرميه بالكفر إلا أرتدت عليه ان لم يكن صاحبه كذلك**)[٣٣].

واتە: هیچ کەسێك کەسێك تۆمەت بار ناکات بە فیسق یاخود بەکوفر ئیلا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی ئەگەر هاوڕێکەی وا نەبێت.

*شێخ عبدالله کوڕی محمدی کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(بەکورتی پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە ئامۆژگاری خۆی بکات لەوەی کە قسە نەکات لەم بابەتەدا جگە بە زانیاری و بەڵگە نەبێت لە لایەنی خوای گەورەوە) وە با ئاگادار بێت لە دەرکردنی کەسێك لە ئیسلام تەنها لەبەر تێگەیشتنی خۆی، یاخود لەبەر بەباش زانینی عەقڵی خۆی، چونکە دەرکردنی کەسێك لە ئیسلام یاخود خستنە ناوەوەی کەسێك بۆ ئیسلام لە گەورەترین ئیشەکانی دینە، وە ئەوەندەمان باس کرد لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە کە بەسمان بێت وەکو بابەتەکانی تر)[٣٤].

*ئەوەی کەوا پێویستە بە سەختی خۆی لێ بپارێزرێت بریتی‌یە لە کافر کردنی موسڵمانێکی نوێژخوێنی دان نەر بە هەردوو شایتمانەکەدا بەبێ بەڵگە، چونکە حەڵاڵ کردنی خوێن و ماڵ شتێکی ئاسان نی‌یە، هەر وەك یەکێك لە زانایان دەفەرمێت: (هەڵە کردن لە وازهێنانی هەزار کافر کە بژین لە دونیادا ئاسانترە لە هەڵە کردن لە ڕژانی خوێنی موسڵمانێك)...

پاشان ئەو گەنجانەی کە زمانیان بەرداوە لە کافر کردنی خەڵکی و دەرکردنیان لە ئیسلام بەبێ چاو ڕۆشنی و بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان، ئایا وا گومان دەبەن کە ئەم ئیشە ئاسانە؟ ئایا نازانن چەند حوکم جێ بەجێ دەبێت لەسەر بەکافر زانین؟! وەکو نەفرەت و توڕەیی و ڕق لێ بوونی لە لایەن خوای گەورەوە، وە بە تاڵ بوونەوەی کردەوەکانی وهەڕەشەی سەخت و نەمری و مانەوەی هەمیشەیی لە دۆزەخ، لە لایەکی تریشەوە

---

(٣٢) (رواه البخاري ومسلم وأبوداود والترمذي ومالك، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٩١، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٧٢).

(٣٣) (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٨١٦، وصحيح الأدب المفرد: ٤٣٢).

(٣٤) (الدرر السنية: ٨/٢١٧).

دژایەتی كردنی موسڵمانان بۆی و، نەهێشتنی سەرپەرشتی بەسەر منداڵەكانی یەوە و، جیا كردنەوەی خێزانەكەی لێی و، ناشۆردرێت لەپاش مردنی و كفن ناكرێت ونوێژی لەسەر ناكرێت و ناشاردرێتەوە لە گۆڕستانی موسڵمانان ومیراتی لێ ناگیرێت...هتد

ئەگەر ئەم شتانە زانراون: ئیتر چۆن پێشڕەوی دەكەن لە كافر كردنی موسڵمانان بەبێ زانیاری و بەبێ بەڵگە، وە ئەم كەسانە ئەگەر خەڵكی كافر دەكەن بە بیروباوەڕو زانینەوە ئەوا بە خەوارج و گومڕا دەژمێردرێن، وە خەوارجیش ئیشیان زانراوە، كەسانێكیان كافر دەكرد كە شایەتی بەهەشتیان بۆ درابوو وەكو علی كوڕی ابی طالب ﷺ و كەسانی تر، كەوابێ هیچ جێگای سەرسوڕمان نی یە كە زانایان و پێشەوایان و جگە لەوان كافر دەكەن، وە پێویستە موسڵمانان بپارێزرێت لە خراپەكانیان.

وە ئەگەر خەڵكی كافر دەكەن بە نەزانی و بەبێ بیروباوەڕ وزانیاری یەوە ئەوا دیسان نابێتە بیانوو بۆیان، چونكە ئێمە لە وڵاتێكی زانیاریداین نەك لە وڵاتی نەزانی، وە پەرتووكە درێژ و ئاشكراكانی ئەهلی سوننە هەیە لە قوتابخانەو زانكۆكان و پەرتوكخانە تایبەت و گشتی یەكاندا، وەزانا پسپۆڕەكان لەبواری زانیاری شەرعی دا هەن لە نێوانماندا كە ناسراون بە ساغی و سەلامەتی بیروباوەڕیان، وە شەو ڕۆژ خۆیان تەرخان كردووە بۆ هەر كەسێك كە حەقی بوێت، ئیتر بۆچی دەربارەی ئیشی دینەكەیان پرسیار ناكەن بۆ ئازاد كردنی گەردنی خۆیان، هەروەكو چۆن سورن لەسەر ئیشی دونیا و بەرژەوەندییەكانیان .

بەڵام سەركردە گومڕاكانی ئەم گەنجانە خۆیان نەزان دەكەن بەرامبەر وێنەی ئەم سەرچاوە پاكانە بۆ ئاراستە كردنی گەنجەكان بۆ لایان و بۆ ڕوو كردنە لای ئەو زانا ڕاستگۆیانە بۆ وەرگرتنی زانیاری یەكانیان، نەك هەرئەوەندە بەڵكو ئاگاداریان دەكەنەوە لێیان وبەكەمیان دەزانن و ئامۆژگاریان دەكەن بەچەند كەسێكی تایبەت وبەچەند پەرتوكێكی دەست نیشانكراو كە بەداخێكی سەختەوە بڵاوبوونەتەوە لە نێوانی گەنجان و خەڵكی گشتی دا، لەگەڵ بەپیرۆز دانان و ڕێزگرتنیان لەلایەن كەسانێك كە قسەیان لەحەق لای داوەو ڕێگایشیان لە ڕێبازە ڕاستەكە دەرچووە، گازندە هەر بۆ لای خوایە.

شكوت وما الشكوى لمثلي عادة ولكن تفيض الكأس عند امتلائها

واتە: گلەییم كرد هەرچەندە گلەیی بۆ وێنەی من باوو نەریت نەبوو، بەڵام جام لەكاتی پڕبوونیدا لێی دەڕژێت.

*بەبەردەوامی زۆر دەبیستین لەم قسە ناژیری یانە لە نێوانی گەنجاندا كە دەڵێن فلانە كەس كافرە و فلانە زانا كافرەو فلان كاربەدەست كافرە و فلان كەس عیلمانی یە... هتد

لە بیروباوەڕەكانی عیلمانیەت هەیە كوفری ئاشكرایە، وەهەیە بەرهەڵستی بوونی خوای گەورە دەكات لە بنچینەدا... پەنا دەگرین بەخوای گەورە لەم شتانە، وە هەیە تانەو تەشەر دەدات لە ڕاستێتی ئیسلام و قورئان، كەواتە ئەگەر بڵێیت فلانە كەس عیلمانی یە بەبێ بەڵگە ئەوا مانای وایە كافرت كردووەو بڕیارت داوە بەسەریدا بەئاگری دۆزەخ و لە لێخۆش بوونت دەركردووە . ئەمەش بەسەرهاتی ئەو دوو پیاوەیە لەبنی ئیسرائیل كەوا یەكێكیان بڕیاری دا بەسەر ئەوی تردا كەوا خوای گەورە لێی خۆش نابێت . ئەبو داود لە سوننەنەكەیدا، لە ابی هورەیرەوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە. كەوا گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بووە دەیفەرموو:

(كان رجلان من بني اسرائيل متواخيين فكان أحدهما يذنب والآخر مجتهد في العبادة، فكان لا يزال المجتهد يرى الآخر على الذنب فيقول أقصر فوجده يوما على ذنب فقال له : أقصر فقال: خلني وربي، أبعثت عليه رقيبا؟ فقال والله لا يغفر

**الله لك ( أو لا يدخلك الجنة ) فقبض أرواحها، فاجتمعا عند رب العالمين، فقال لهذا المجتهد أكنت بي عالما؟ أو كنت على ما في يدي قادرا؟ وقال للمذنب إذهب فادخل الجنة برحمتي، وقال لأخر إذهبوا به الى النار**[٣٥].

واتە: دوو پیاو لە بەنی ئیسرائیل یەکتریان دەویست و بەردەوام بەیەکەوە بوون، یەکێکیان تاوانی دەکرد و ئەوی تریان کۆششی دەکرد لە پەرستنی خوای گەورەدا، بەردەوام خوا پەرستەکە ئەوی تری دەبینی لەسەر تاوان کردن و پێی دەوت بەسە وازبێنە، ڕۆژێك بینی لەسەر تاوانێك پێی ووت بەسە واز بهێنە، ئەویش پێی ووت: وازم لێ بهێنە خۆم وخوای خۆم، ئایا تۆ بەچاودێر نێردراوی بەسەر منەوە؟ خوا پەرستەکەش پێی ووت: والله خوای گەورە لێت خۆش نابێت (یاخود پێی ووت خوای گەورە ناتخاتە بەهەشتەوە) ڕووحیان کێشرا، کۆبوونەوە لای پەروەردگاری جیهانان، خوای گەروە بە خواپەرستەکەی فەرموو: ئایا تۆ زانا بوویت بەمن کە لێی خۆش دەبم یا نا؟ یاخود ئەوەی لەدەستی مندایە تۆ دەسەڵاتت هەیە بەسەریدا؟! وەبەتاوانبارەکەی فەرموو: بڕۆ بەهەشتەوە بە سۆز و بەزەیی من، بە خواپەرستەکەشی فەرموو: بیبەن بۆ ئاگری دۆزەخ).

*هەندێك لە کۆمەڵە هاوچەرخیەکان بابەتی کافرکردن و ووتنەوەی بۆ گەنجانیان کردوە بە هۆکارێك بۆ دەرچوون لە حکومەتەکان بەناوی دین وچاککردنی بار (وضع) بەڵام مەبەست جگە ئەمەیە، ڕێگاکانی چاکسازی شەرعی ئاسانتر وسودمەندترە لەم هۆکارە ئەگەر ئەوان ڕاستگۆن، زانراویشەکە قسە کردن بەبێ چاو ڕۆشنایی لە بەکافر کردندا بەبێ درێژی و بیر کردنەوە لەنیشانەکانی خەوارجە کەوا خەڵکی کافر دەکەن بەتاوان (معصیە) وە لە پێشەوایانی موسڵمانان و کۆمەڵەکەیان دەردەچن، وە ئیش و کاریان هیچ سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە ئەوان دادپەروەری پێغەمبەریان ﷺ ڕووخان کاتێ کە (ذو الخويصرة التميمي) پێی ووت (**إعدل فأنك لم تعدل**).

واتە: دادپەروەربە تۆ دادپەروەریت نەکرد، هەتا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (**ويلك من يعدل ! إذا لم أعدل ! خبت و خسرت إن لم أعدل**)[٣٦].

واتە: (هاوار بۆ خۆت (لەناو چیت) ئەی کێ دادپەروەری دەکات ئەگەر من دادپەروەری نەکەم، بەجەخت لەسەر کراوی دۆڕاو خەسارەت مەند بوویت ئەگەر من دادپەروەری نەکەم).

وە ئیمامی (علی) ﷺ و ئەوانەی کە لەگەڵی دا بوون لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کافر کرد کە هەرچەندە ئەمان لەوان تێگەیشتوتر بوون لە قورئان و زانیارییەکان، چونکە ئەوان تأویلی ئایەتەکان دەکەن بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان بەو شێوازەی کە خزمەتی بۆچوونەکەی خۆیان بکات بەبێ شارەزایی (فیقه).

بەڵام ووتە بێژەکانیان لەسەردەمی ئێمەدا بانگێشەی تێگەیشتنی بەرنامەی پێشینان و ڕۆیشتن لەسەری دەکەن، پاشان ووتەکان هەڵدەگێڕنەوە بە گوێرەی ئارەزوویان، وە لێی دەپچڕن تابگونجێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە بۆی دەڕۆن .. کە ئەمەش خیانەت و فێڵ کردنە لە ئوممەتی ئیسلام، بۆ ڕۆیشتن و بەردەوام بوونی ئەم بەرنامە تەکفیری یە کە هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە ئوممەت پێوەی دەناڵێنێ تا ئێستاش خەم و پەژارەکەی دەچێژێت و لە بەڵاو ناخۆشییەکەیدا دەژی لەسەر دەستی ئەو کەسانەی کەوا بنچینەکانی خەوارجیان وەرگرتووە وەشوێنی ڕێگای ئەوان کەوتوون هەروەکو چۆن ئەمڕۆ دەبینین، وە ئەوان لە هەموو سەردەمێکدا دەردەچن وە لەکۆتایی زەمانیشدا دەردەکەون هەروەکو چۆن ڕاستگۆی دەست پاك محمد ﷺ ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندووە کە دەفەرمێت:

---

(٣٥) (أخرجه أبو داود، وصححه الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٩٠١، وصحيح الجامع الصغير: ٤٤٥٥).

(٣٦) (متفق عليه، وانظر: صحيح سنن ابن ماجة: ١٧٢، ومشكاة المصابيح: ٥٨٩٤).

(**سيخرج قوم في آخر الزمان أحداث الأسنان سفهاء الأحلام يقولون من خير قول البرية لا يجاوز إيمانهم حناجرهم يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية...**)[٣٧].

واتە: لەكۆتایی سەردەمدا كەسانێك پەیدا دەبن كە تەمەنیان گەنجە گێلە عەقل و نەزانن، لەووتەی باشترینی خەڵك محمد ﷺ دەڵێن باوەڕەكەیان لەگەردنیان بەرز نابێتەوە، لەدین دەردەچن هەوەكو چۆن تیر لە نیشانەكەوە دەردەچێت كە دەیپێكێت.

وە هەر كەسێكیش دەیەوێت خۆی ڕاوەستێت لەسەر ئەوەی كەوا ئەم گومڕا كەرانە پێی گەیشتوون لە وونكردنی دەست پاكی زانیاری (الأمانة العلمية) لە گواستنەوەكانیان لە پەرتووكەكانی أهل السنة بۆ خزمەتكردنی بەرنامەكەیان با شوێنی ئەو شتانە بكەوێت كە دەینوسن وە با رابوەستێت لەسەر راستێتی ئەو دەقەی كە دەیگوازنەوە، وە لەم سنورەش دا ڕاناوەستن، بەڵكو هەتا فەرموودەو شوێنەوارەكانیش مل كەچ دەكەن بۆ ئارەزووەكانیان لە (صحيح كردن) و (ضعيف كردن دا)، وە هەموو كۆششیان فراوان كردووە تیایاندا بە تأويل كردن و گۆڕین، داوای هیدایەت و ڕێنمایی لە خوای گەورە دەكەین بۆ ئێمەو ئەوانیش.

*وە هەركەسێكیش ئەوەندەی بەس نیە با گوێ بۆ ئەمانە شل بكات كاتێك باسی ئایەتی حوكم كردنی بە جگە لە قورئان دەكەن و شوێنەوارەكەی عبدالله ی كوڕی عباس رضي الله عنهما ضعيف دەكەن لە تەفسیر كردنی دا كە دەفەرمێت:(**ليس الكفر الذي تذهبون إليه، ليس كفرا ينقل عن الملة وهو كفر دون كفر**)[٣٨].

واتە: ئەم كوفرە ئەوە نیە كەوا ئێوە بۆی دەڕۆن (لێی تێگەیشتون ) ئەمە كوفرێك نیە كە لە ئیسلام خاوەنەكەی دەر بكات، ئەمە كوفری بچوكە.

یەكێك لە گەورە سەركردەكانیان كاتێك باسی ئەم شوێنەوارە دەكات دەڵێت: (مظلوم بن عباس)[٣٩].

واتە: ستەم لێ كراو ابن عباس .

بەڵام زاناكانی ئیسلام و نیشانە دیارەكان لە كۆن و تازەدا ئەم شوێنەوارە دەكەن بە بەڵگەو (تەصحیحی) دەكەن و بە ڕاستی دادەنێن لەكاتی راڤە كردنی ئەم ئایەتە كە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿**وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ**﴾ ﴿**الأنعام: ١٢١**﴾.

تەفسیرەكەیان دێنن كەوا بەرزی دەكەنەوە بەسەر هەموو تەفسیرەكانی تردا كە یەكێك لە زانایان دەربارەی تەفسیرەكەیان زەمی دەكات و دەڵێت: (تەنها تەفسیر كردنی بۆ سورەتی الإخلاص بەسمانە).

ئەو كەسانەی كە بانگەشە دەكەن بۆ پەیدا كردن و هەبوونی ئەم تەفسیرە پێویستە لەسەریان كە تەماشای تەفسیر كردنی بكەن بۆ ئەم سورەتە، ئەگەر شتێكی گەورەیان بۆ روون نەبوەوە ئەو كاتە پێویستە لەسەریان رابوەستن لە سەری و نیشانی كەسێكی بدەن كە زانیاری هەبێت و جیاوازی بخاتە نێوان حەق و بەتاڵەوە.

وە ئاگادارت دەكەمەوە لەوانەی كە فێڵ لە ئیسلام و ئەهلی ئیسلام دەكەن، چونكە ئیشەكە زۆر گەورەیەو ترسناكەو ئەمەش دەقێكە لەو تەفسیرە كە خاوەنەكەی دەڵێت: ( هەر كەسێك گوێ ڕایەڵی مرۆڤێك بكات لە یاسایەك دا كە لەلایەنی خۆیەوە بێت هەرچەندە لە بەشێكی بچوكیش دا بێت ئەوا ئەو كەسە هاوبەش بڕیاردەرە بۆ خوا، هەرچەندە لە بنچینەش دا موسڵمان بێت پاشان بیكات ئەوا بە هۆیەوە لە ئیسلام دەردەچێت

---

([٣٧]) (رواه البخاري وابن ماجة والنسائي والترمذي، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٦٥٤ و ٨٠٥٢، وصحيح سنن ابن ماجة: ١٦٨، وصحيح سنن النسائي: ٤١٠٢، وصحيح سنن الترمذي: ٢١٨٨).

(٣٨) (حكم تارك الصلاة: ص٣٩).

([٣٩]) (تەماشای (واقعنا المعاصر) ي محمد قطب بكە لاپەڕە: ٣٣٤ ).

بۆ هاوبەش بڕیاردان، هەرچەندە پاش ئەوە بمێنێتەوە و بە زمان بڵێت (أشهد أن لا إله إلا الله) کە ئەو لە جگە لە خوا وەردەگرێت وە گوێڕایەڵی جگە لە خوا دەکات )[٤٠].

راستیش جگە ئەمەیە کەزانراوە لەلای ئەهلی زانیاری کەوا هەر کەسێك گوێڕایەڵی هاوبەش بڕیاردەر بکات وباوەڕی بەو قسەیە هەبێت کە دەیکات ئەوا هاوبەش بڕیاردەرە، بەڵام گوێڕایەڵی لە کردەوەکەی دا بەتەنها وە بیروباوەڕی ساغ و سەلامەت بێت ئەمەیان سەرپێچی‌یەو هاوبەش بڕیاردان نی‌یە .

*دەقێکی تر: لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: (دەقی قورئان یەکجاری‌یە لەوەی کەوا گوێڕایەڵی کردنی موسڵمان بۆ یەکێك لە مرۆڤ لە بەشێك لە بەشەکانی یاسا دانان کەوا وەرنەگیرێت لە شەریعەتی خوای گەورەو پشت نەبەستێت لەسەر دان نان پێیدا بۆ خوای گەورە بە تاك لە حاکمییەتدا، گوێڕایەڵی کردنی موسڵمان لەم بەشەدا لە ئیسلام بوون بۆ خوای گەورە دەری دەکات بۆ هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە )

وە هەمیشە لە دەوری حاکمییەت دێن و دەڕۆن وە بەرنامەی خەوارجی پێ تازە دەکەنەوە کەوا جیابوونەوەیە لە پێشەواو کۆمەڵی موسڵمانان لە ژێر دورشمی (حوکم نی‌یە تەنها بۆ خوا نەبێت)، چونکە ئەوان ڕواڵەتی ئەم ووتەیەی خوای گەورە وەردەگرن کە دەفەرمێت: ﴿**إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ**﴾ ﴿**یوسف: ٦٧**﴾.

**خەلیفە علی کوڕی ابی طالب** ﷺ دەفەرمێت: (**هذه كلمة حق ارادوا بها باطل**)[٤١].

واتە: ئەمە ووشەیەکی حەقە بەڵام ئەوان مەبەستیان پێ‌ی بەتاڵ بوو.

وە گومانی تێدا نی‌یە کەوا حوکم هەر بۆ خوای گەورەیە بەتاك و تەنها ئەمە بیروباوەڕمانەو دینداری پێ دەکەین بۆ خوا، بەڵام خوای گەورە پێشەوای بۆ موسڵمانان داناوە کە هەڵدەستێت بە بەرژەوەندییەکانیان، وەگوێڕایەڵی کردنی لە چاکەدا پێویست کراوە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ**﴾ ﴿**النساء: ٥٩**﴾.

واتە: ئەی بڕواداران گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ بکەن، وە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایانتان بکەن لە چاکەدا.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (**سيكون بعدي سلطان فأعزوه فمن التمس ذله ثغر في الإسلام ثغرة، ولن تقبل منه توبة حتى يعيدها كما كانت**)[٤٢].

واتە: لە پاش من کاربەدەستانێك دێن ئێوە ڕێزی لێ بگرن، وە هەر کەسێك بیەوێت بێ ڕێزی بکات و زەلیلی بکات و ئەوا کەلێنێکی خستۆتە ئیسلامەوە، وە پاشان هیچ تەوبەی لێ وەرناگیرێت هەتا نەیگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی وەك و پێشتر.

وە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە چاو بنوقێنرێت لە بەرامبەر ئەو دەقە قورئانی و پێغەمبەرانی-یانەدا کە پێغەمبەری ئەم ئومەتە ﷺ دەربارەی فەرموویەتی:

(**تركت فيكم شيئين لن تضلوا ما تمسكتم بهما: كتاب الله وسنتي ولن يتفرقا حتى يردا على الحوض** )[٤٣].

واتە: دوو شتم لە ناو ئێوەدا بەجێ هێشتوە هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن: قورئانی خوای گەورەو سوننەتەکەم، وە لێکیش جیا نابنەوە، هەتا دێنە سەر حەوزی کەوسەر.

---

(٤٠) (الظلال: ج٣ ص١١٩٨).

(٤١) ( صححه الألباني في: ظلال الجنة: ٩٢٨).

(٤٢) (رواه احمد وابن ابي عاصم، وصححه الألباني في: ظلال الجنة، رقم: ١٠٧٩).

(٤٣) (رواه مالك والحاكم، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٩٣٧).

پاشـان بانگێـشتی ڕەت کردنـەوەی شـەریعەتی حاکمیـەت دەکـەن، وە بـەگوێرەی قـسەی خۆیـان هـەموو حکومەتەکانی دونیا کە هەن رەت کراونەتەوە وە پێویستە لا ببرێن چونکە کافرن حوکم ناکەن بەوەی کە خوای گەورە ناردویەتییە خوارەوە بەبیٚ درێژی(تفصیل)، وە ئەو کەسەیشی کە شەریعەتی رەت نەکاتەوە ئەویش بە هەڵگەڕاوە لە دین (مرتد) دەژمێرن ئەمیش ووتەی یەکێکە لە سەرکردەکانیان دەڵێت:

(مرۆڤایـەتی گەڕایـەوە بـۆ پەرەسـتنی بەنـدە و بـۆ سـتەمی دینـەکان وە پاشـگەز بوونـەوە لـە لا إلـه إلا الله، هەرچەندە ئەگەر کۆمەڵێکیان لەسەر بڵندگۆکان لا إله إلا الله دەڵێنەوە بەبیٚ ئەوەی دەلالەت لە سەرکراوەکەی بزانن وە مانای بکات کە دەیڵێتەوە، وە بەبیٚ ئەوەی شەریعەتی حاکمییەت ڕەت بکاتەوە کەوا بەندەکان بۆ خۆیانی بانگهێشت دەکەن)[٤٤].

وە لـە دەقێکـی تـردا بانگـەواز دەکـات بـۆ وەرگێڕانـی حـوکم (کودەتـا) (الإنقلاب) وە کۆشش کـردن بـە دوای گۆڕینی سیستەمی حوکم و دەڵێت:

(لەوانەیە بۆت روون بووبێتەوە کە ئێستاو پێشتر باسمان کرد کە مەبەستی جیهاد کردن لە ئیسلام بریتـیـە لـە رووخـانی بنـچینەی سیستەمی هەڵوەشـوێنەرەوەی بۆچـوونەکانی ئیـسلام و جـێگیر کـردن و دامەزرانـدنی حکومـەتێکی دامـەزراو لەسـەر بنچینەکانی ئیسلام لـەجیٚی ئـەو و گـۆڕینی لـە جیاتی ئـەو، وە ئـەم گرنگـیـە، گرنگی هێنانەکایەوەی وەرگێڕانێکی ئیسلامی گشتی بیٚ سنور لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر ئیسلام دەیەوی بەڵکو لە پێش چاوی خۆی دایدەنیٚ کە ئەم وەرگێڕانە گشتیـیە لـە وولاتاندا بکرێت بە گشتی، وە ئەمەیـە مەبەستە بەرزەکەی کە چاوی تیٚ بڕیوەو بە نیازێتی، بەڵام موسڵمانان یاخود ئەندامانی حیزبی ئیسلامی ناتوانن واز لەدەست پیٚ کردنی گرنگییەکەیان بهێنن، بەهێنانەکایـەوەی گۆڕانکاری وکودەتـای ئـاوات خوازراو و کۆشش کردن لەدوای گۆڕینی سیستەمی حوکم لـەو وڵاتـەی کـەوا تیایـدا نیشتەجێن )[٤٥]. ئەمـەیش بانگەوازێکی ئاشکرایە بۆ دەرچوون کەوا ئامانجەکانی شاراوە نیـیە لەلای مرۆڤی ژیر، شیخ الاسلام ابن تیمیـه (رەحمەتی خوای لیٚبێت) دەفەرمێت:

(هیچ کۆمەڵێك دەرنەچووە لەسەر خاوەن سوڵتانێك ئیلا لەدەرچوونەکەیدا ئاشوب زیاتر بووە لـەو ئاشوبەی کە لای بردووە)[٤٦].

پاشـان ئایـا دەرچـوون لـەهیچ حکومـەتێك لـە حکومەتـەکان ڕووی داوەو پاشـان ژیانیـان باشـتر بووبێـت وشەریعەتیان جیٚبەجیٚ کردبێت؟ ئەمە ڕووی نەداوە، وە مێژووی ئیسلامی بخوێنەرەوەو تەماشای دەوروبەری خۆتان بکەن بەڵام ئەوە فیتنەیەکە ڕەواج بۆ وێنەی ئەم پەرتوکە بکرێت و بەباش باس بکرێت بە ئاشکرا وەکو پێداهەڵدەرەکەی (مادح) دەڵێیت: (الظلال لـە دایك بوونێکی عەبقەریـە بۆ نویٚ کردنـەوەی عەبقەری لە عـەقڵی داهێنـەرێکی دەست پاك بەبۆچونێکی قوڵی ڕەسـەنی ئاسانی ڕاستی خۆشەویستی نزیك، پەرتوکێکە کـەوا خاوەنەکـەی ژیـاوە لەگەڵیـدا بـەگیانی و بۆچـوونی و هەسـت و کیـانی، وەژیـاوە لەگەڵیـدا سـات لەگـەڵ سـات وەبۆچوون لەگەڵ بۆچوون ووتە بە ووتە، وە کورتەی تاقیکردنەوەی زیندووی ژیانی باوەڕداری کردۆتـە ناوی، وە بەئاشکرایەکی تەواو، ئەگەر الظلال پەرتووکی تەفسیر نەبێت ئیتر نازانین کە کامە تەفسیرە؟)[٤٧].

---

([٤٤]) (الظلال: ج٢ص١٠٥٧).

([٤٥]) (الظلال: ج٣ص١٤٥١).

([٤٦]) (منهاج السنة النبوية: ٣/٣٩٠).

([٤٧]) (جريدة الجزيرة: ١٤١٧/٨/٧هـــ ژمارە: ٨٨٤٦).

ئێمەش بەم بەهەڵەداچووە –خوا هیدایەتی بدات– دەڵێین: ئەی بۆ حەق ناڵێین و باسی تەفسیری الطبری وابن كثير والسعدي والشنقطي ناکەیت (رەحمەتی خوایان لێ بێت) تاگەردنت ئازاد بکەیت، هیچی تر ناڵێین ئەوەندە نەبێت: حسبنا الله ونعم الوكيل .

لمثل هذا يذوب القلب من كمد إن كان في القلب إسلام وإيمان

واتە: بۆ وێنەی ئەمە دڵ دەتاوێتەوە لەغەم و خەفتدا، ئەگەر ئیسلام و ئیمان لە دڵدا هەبێت.

پاشان ئەمانەی کەوا بانگەوازی ڕەتکردنەوەی شەریعەتی حاکمیەتی ئیستا دەکەن، ئایا وادەزانن کە ڕووخانی حکومەتەکان وگۆڕینی یاساکانی کارێکی ئاسانە؟ یاخود چۆنیان بوێت ئاوا دەبێت، یاخود (خوێنی شل) یان دەوێت؟ ئەگەر ئەم ئاراستە کردنە ڕاست بێ ئایا عەقڵە ساغ و هۆشمەندەکان دان بەم شتەدا دەنێن؟ ئایا خەڵکی بەبێ شوان و سەرپەرشتیکار دەبێت؟ ئایا ئاژاوە کۆمەڵگا ناگرێتەوە؟ وە وای لێ دێت کە هەر کەسێك ئەمیر بێت بەسەر خۆیەوە، ئایا ئیشەکان تووشی ئاشوب نابن وە خراپە زیاد ناکات وە خەڵکی تووشی ئاشوب و ئاژاوە نابێت؟

ئەم تاقیکردنەوەیە ڕووی داوە لە صۆماڵی تووش بوو بە بەڵا، هەتا یەکێك لەوانەی کە لەناو فیتنەکەدا ژیابوو دەیووت: خۆزگە کاربەدەستێکمان هەبوایە ئەگەر کافریش بوایە...

یەکێك لە پێشەوایان دەفەرمێت: (شەست شەو بەسوڵتانێکی ستەم کارەوە باشترە لە شەوێك بەبێ سوڵتان).

واقیعیش شایەدی دەدات بەم شتە.

وەمن دەڵێم ئەم تەفسیرە –ئەگەر ڕاست بێت بەم شێوەیە ناوی بنێت– و جگە لەم لەو پەرتووکانەی کە هەڵگری بۆچوونی خراپن لە هەڵگرتنی ئەم بەرنامە لە ڕێ دەرچووە لە لایەن کەسانێکەوە کە هیواو ئومێد پەیوەست بووە پێیانەوە، لەگەورەترین هۆکارەکانی لەڕێ دەرچوونی زۆرێك لەگەنجەکان وزیادڕەوییانە لە کافر کردنی حکومەتەکان و کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، بەڵکو کافر کردنی ئەو زانایانەی کە ڕادەوەستن بەڕوویاندا لەبەردەم ئەم ڕێخزانە ترسناکە، هەروەها کافرکردنی هەموو کەسێك کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان بێت هەرچەندە پێچەوانەی حەقیش بێت، تاوای لێ هاتووە چاکە بووە بەخراپە و تەقینەوەو ترساندنی خەڵکانی ئارام بووە بە جیهاد و خۆنزیك کردنەوە لە خودا.

ئەمە ئامۆژگاری یەکێکە لەگەورە سەرکردەکانیان کە لێیان دوور بووەو یەکێك لە خوشکەکانی گواستویەتییەوە بۆ پیاوانی ڕێکخستنەکەی، کە جارێ بەشەهید وجارێکی تر بە ئیمام و جارێکی تر بەهەردووکی ناوی دەبەن . تێیدا دەڵێت:-(من هەڵچوونێکم ناوێت لەناو فنجانێك دا، ئەگەر ئێوە تواناتان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی ئیشێکی گەورە کەوا بنچینەکانی وولات بهەژێنێت ئەوا بیکەن، ئەگەر توانای ئەم شتەتان نییە ئەوا هەرچی فەرمان و نەخشە هەیە کەلەسەری ڕێکەوتبووین هەمووی هەڵوەشێننەوە ئەمە باشترە بۆمان)[٤٨].

ئایا بەئاگابین و تێبگەین لەم بەرنامە ترسناکە کەوا هەوڵ دەدرێت جێبەجێ بکرێت لەلای ئێمە لە ڕێگەی ئەم پەرتوکانەوە کەوا بڵاوە لە نێوانماندا، کەپێشتر ئاماژەمان کرد بۆ چەند شتێك کە کەمتر نییە لە خراپەدا لەم ڕاسپاردەو ئامۆژگاریە، یاخود بسوڕێینەوە لە بازنەیەکی بەتاڵ دا ئەم دروستی بکات ئەو تێکی بدات .

متى يبلغ البنيان يوماً تمامه إذا كنت تبني وغيرك يهدم

واتە: کەی خانوەکە ڕۆژێك دەگاتە تەواو بوون ئەگەر تۆ دروستی بکەیت و جگە لەتۆیش بیڕوخێنن.

---

([٤٨]) (مذكرات علي العشماوي آخر قادة التنظيم الخاص: ص١٣١).

یەکێك لە هەڵخەڵەتاوان بەرگری لەم ئامۆژگاریە دەکات و دەڵێت: مەبەستی هەژاندنی بنچینەکانی وولات بووە بەمەعنەوی!

منیش دەڵێم: سبحان الله، چۆن تأویلی دەکەن و بەدوای عوزردا دەگەڕێن.

فیتنە[٤٩]سەخت ترە لە کوشتن ئایا بائەمانە لەخوا بترسن کە بانگەوازی چاکسازی دەکەن و پاشان وێنەی ئەم بۆچوونانە بلاودەکەنەوە لەنێوانی گەنجانی هەژاردا با لە خوا بترسن لە نەفس و کەس و کارو وولاتیان .

وەبا ئەو کەسانە ئاگاداربن کە ئەم پەرتووکە پڕ لە فێڵ و دژایەتی شاراوەو شوبهاتە دەخوێننەوەو گوێیان لەووتەی ئەو کەسانە دەبێت کە گرنگی پێدەدەن بۆ بلاو کردنەوەی و بەرگری لێ دەکەن وەپڕە لەخراپەو لەڕێ دەرچوونی تێك شکێنەر کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی دامەزرێنەرو وەزۆر لە هەڵخەڵەتاوان لەگەنجان و جگە لە گەنجان.

* ئەو کەسەی کەوا سەرفرازی و خۆشبەختی هەردوو دونیای دەوێت با ڕێنمایی و زانیاری وەرنەگرێت تەنها لە سەرچاوە سەرەکی‌یە ڕاستەکەی نەبێت لە قورئان و سوننەت و یەك دەنگی زانایانی ئوممەت، نەك لە خاوەنی پەرتوکە هاوچەرخی‌یەکان و ووتە شۆڕشی‌یەکان، وە ئەوەی کە خۆی ناتوانێت وەری بگرێت ئەوا دەریاکان کەشتی‌یان هەیە و کەشتی‌یەکانیش کەشتی‌یەوانیان هەیە، کە ئەمانەش زانا خوا ویستەکانن کە ناسراون بە زانیاری دامەزراو و جێگیر وهۆشمەند ولە خواترس وخۆ پارێز:

﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ ﴿النحل: ٤٣﴾.

واتە: (ئەگەر هەر شتێکتان نەزانی پرسیار بکەن لە زانایان) .

وە با لوت بەرز نەبێت بۆ داواکردنی زانیاری و ناسینی حەق، وە با شوێنی هەموو بانگەوازکەرێك نەکەوین کە ئارەزوو کوێری کردبێت و حەسوودی ماندووی کردبێت. وە ووتراوە:

وما الغي إلا أن تصاحب غاوياً    وما الرشد إلا أن تصاحب من رشد

ولن يصحب الإنسان إلا نظيره    وإن لم يكونا من قبيل ولا بلد

واتە: گومڕابوون چی‌یە تەنها ئەوە نەبێت کە هاوڕێیەتی گومڕایەك بکەیت، وە ڕاستیش ئەوەیە کە هاوەڵایەتی کەسێك بکەیت کە لە سەر ڕێی ڕاست بێت، وە مرۆڤ هاوەڵایەتی هیچ کەسێك ناکات جگە لە هاوشێوەی خۆی نەبێت، هەرچەندە لە یەك هۆز و دەوڵەتیش نەبن .

* بە یەکێك لە حزبی‌یەکان ووترا: ئەگەر ئێوە ئامانجتان چاکسازی‌یە وەکو خۆتان دەڵێن، ئیتر بۆچی دوعای هیدایەت و ڕێنمایی بۆ کاربەدەستان ناکەن کە ئەمەیش بەرەو چاکە سەر دەکێشێ و باشترین خۆ نزیك کەرەوەیە لە خوای گەورە، وە زانراویشە لە لای زانایان کەوا پاڕانەوە بۆیان بە چاك کردن و چاکسازی شوێن کەوتنی سوننەتە، وە نەکردنی شوێن کەوتنی ئارەزووە، کەچی بیانووەکەیان ناشیرین تر بوو لە کردەوەکەیان، خۆزگە ئەم کەسانە هەستیان دەکرد کە مەبەست پێیان چی‌یە، وە هەستیان بەم ئارامی وخێرە بکردایە کە لە نیعمەتەکەیدا دەژین تا سوپاس و حەمدی خوای گەورەیان بکردایە و حەق بناسن و شوێنی بکەون وە دوژمنانیان بناسن و ئاگاداریان بن و خۆیان لێ بپارێزن ...

وە من زۆر جار پرسیار لە خۆم دەکەم ئایا ئەم کەسانە چی‌یان دەوێت؟!

---

([٤٩]) (مەبەست هاوبەش بریاردانە) وەرگێڕ.

ئایا لە ڕاستی‌دا مەبەستی‌یان چاك کردنی خەڵکی‌یە ؟! بەڵام هیچ ڕێگایەك نی‌یە بۆ چاکسازی جگەر لەو ڕێگایانە نەبێت کە پێشینەکانی ئەم ئوممەتە گرتویانەتە بەر لە سەرەتاوە لە سەرکردە و پێشەواکەی محمد ﷺ هەروەکو چۆن ئیمامی مالك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(لا يصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها)[٥٠] .

واتە: کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك ناکرێت تەنها بەوە نەبێت کە سەرەتاکەی پێ چاك بووە .

شیخ محمدی کوڕی صالح العثيمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ووتاری هەینی دا لە پاش ڕووداوی تەقینەوەکە لە (خبر) دەفەرمێت: ((خراپە هەرگیز چاکە ناهێنێت، وە هۆکارە خراپەکان هەرگیز نابن بە ڕێگایەك بۆ چاکسازی ... ئیتر چۆن پیسی بە لە خۆی پیس تر پاك دەبێتەوە)) .

پاشان ئایا کاروبار لە وڵاتانی ئێمەدا گەیشتوەتە ڕادەیەك تا نمونەی ئەمانە بانگەشەی چاکسازی بۆ بکەن .... وە گومان لەوەدا نی‌یە کە سەرپێچی و کەم وکوڕی لە هەمووان دا هەیە وە چ کۆمەڵگایەك هەیە کە پارێزراو بێت لە هەڵە تەنانەت سەدە باش و فەزڵ دارەکانیش، ڕووداوی وا رووی داوە تێیدا کە کوشتن و ڕەجم و هەموو سنورەکانی تیادا جێبەجێکراوە، ئەمەش لەبە کەم زانینی سەرپێچی وتاوانەوە ناڵێم، چونکە تاوانەکان هۆن بۆ نەمانی بەخشش و هاتنی سزاو تۆڵە. داوای سەلامەتی و پارێزراوی لە خوای گەورە دەکەین بەڵام بۆ ڕوون کردنەوەی شێوەکە بۆ کەسێك کە گومڕا کراوە و دڵی هان دەدات بە بەرنامە و بۆچوونی ڕق و کینە دارانە، ووڵاتی ئێمە سوپاس بۆ خوا لەسەر ئاستی جیهان لە لوتکەدایە لە جێبەجێ کردنی شەرعی خوای گەورە، لەگەڵ بوونی کەم و کوڕی کە گومانی تێدا نی‌یە و ئەم شتە دوور و نزیك دەیزانن داوا دەکەین لە خوای گەورە کە سەرپەرشتیاری ئیش و کارمان یارمەتی بدات بۆ نەهێشتنی هەموو کەم و کوڕی‌یەك لە جێبەجێ کردنی شەرعی پەروەردگارمان، وە لە دانایی‌یە بۆ ئەو کەسانەی کە چاکسازی وخێریان بۆ ئوممەت دەوێت کە شوێن ڕێگا چاکسازی‌یە سوود بەخشەکان بکەون و با ڕێگایان ڕوناك بکەنەوە بە ڕێنمایی زانا خوا ویستەکان ئەوانەی کە ناسراون بە ڕاستی بۆچون و چاو ڕۆشنایی .

وە خەڵکی لە پێشترن بۆ چاکسازی لە سەرەوە(کاربەدەستان)، چاك کردنی نەفسەکان یەکەم جار وپاك کردنەوەی لە رق و کینەو حەسودی و ڕیاو خۆشەویستی دونیا، وهەستان بە جێبەجێکردنی پێویستی ئەم دینەو، فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغە کردنی خراپە، پاك کردنەوەی ماڵەکان لە خراپە کاری، ماف پێ دانی خەڵك، وە چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك، وە خراپە نەکردن لەگەڵ خەڵکی بە غەیبەت نەکردنیان وە کافرو فاسق نەکردنیان، وە سوپاس کردنی چاکەکاران وە بیانو(عذر) هێنانەوە بۆ هەڵەکاران، چونکە ئەگەر کەسێك سوپاسی خەڵکی نەکات سوپاسی خوای گەورەی نەکردوە، وەباس کردنی چاکەی موسڵمانان و خۆ بێ ئاگا کردن لەخراپەکانیان، تا وەك ئەو کەسانەمان لێ نەیات کە دەربارەیان ووتراوە:

إن يعلموا الخير يخفوه وإن علموا      شراً اذيع وإن لم يعلموا كذبوا

واتە: ئەگەر چاکەو خێر بزانن دەیشارنەوە، وە ئەگەر خراپە بزانن بڵاو دەکرێتەوە، وەئەگەر نەزانن درۆ دەکەن .

*بەڵام بە داخەوە ئەمە حاڵی ئێمەیە مەگەر کەسێك پەروەردگار ڕەحمی پێ کردبێت کە ئەمانەیش کەمن، چاکسازی نایات تەنها بە ڕێنمایی‌یە راستەکان نەبێت کە لە قورئان و سوننەتەوە وەرگیراوە، نەك لە ڕێگای فێرکراوە دەرەکی‌یەکانەوە کە هێنراوەتە ژورەوە لە ڕێگەی بڵاوکەرەوەکانی ئەم بەرنامەیە، بەم شێوازە

---

(٥٠) (حجة النبي: ص٧١ و٨٦ و١٠٤، ومناسك الحج والعمرة: ص٤٦).

کۆمەڵگاکان چاك دەبێت و لە پاش ئەمانەش حوکمەتەکان چاك دەبێت، چونکە حکومـەت بەشێکە لـە کۆمـەڵگا، وەك و چۆن لە شوێنەواردا هاتووە:

(کما تکونون یولی علیکم) .

واتە: ئێوە خۆتان چۆن بن بەو شێوەیە دەسەڵاتدارانتان بۆ دادەدنرێت، ئەگەر باش بن دەسـەڵات داری باش فەرمانڕەواییتان دەکات، وە ئەگەر خراپ بن دەسەڵات داری خراپ فەرمانڕەوایی‌تان دەکات.

یەکێك لە پێشەوایان دەفەرمێت: هەرچەند ئەم شوێنەوارە لاوازی تێدا هەیە، بەڵام ئەم فەرمودەیـەی خـوای گەورە بە هێزی دەکات کە دەفەرمێت:

﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ ﴿الأنعام: ١٢٩﴾.

واتە: ( هەندێ لە ستەم کاران زاڵ دەکەین بەسـەر هەندێکی تریـان دا تـا لـەناویان ببـەن و زەلیلیـان بکـەن بـە هـۆی تاوانـەکانی خۆیانـەوە، ئەعمـەش دەفـەرمێت: (ئەگـەر خـەڵکی سـەردەم خـراپ بـوون ئـەوە خراپترینیـان دەکرێت بەدەسەڵات دار).

و(الجزاء من جنس العمل)

واتە: سزاش لە جۆری کردەوەیە.

*بـەکافر زانینـی کۆمـەڵگاکان و هانـدان بـۆ بڵاوبونـەوەی ئاشـوب و بڵاوکردنـەوەی دوژمنکـاری بەرنامەیەکـە لەسـەردەمێکی کۆنـەوە هـەوڵ بـۆ جێبـەجێکردنی دەدرێـت نـەك شـتێکی نـوێ بێـت و لـەم سـەردەمەدا سـەری هەڵـدابێت، وە ناشـاردرێتەوە لـە هـەموو کەسـێکی هۆشمەنـد کـە هۆکـارو پیلانـەکانی دوژمـن بزانێـت کـە ئەمـە هەمووی بۆ لاوازکردنی موسڵمانانەو دروست کردنی جیاوازی‌یە لە نێوانیـان دا، وە ئەمـە شـتێکە چـەند بتـوانن هـەوڵی بـۆ دەدەن وە زۆریـش سـەرکەوتوو بـوون لـە جێبـەجێ کردنـی و بەدەسـت هێنـانی ئامانجـەکانیان، ئایـا نابیستن ئەم جیـاوازی‌یـە گەیشتوەتە نێوان ڕۆڵـەکانی خێزانیش، ئەمـەیان پشتیوانی ئـەم بەرنامەیـە دەکـات و ئەوی تریان ڕەتی دەکاتەوە، ئەمیان ئەم بانگەوازکارە هان دەدات و ئـەوی تریـان جیـاوازە لـە گەڵیـدا، کەبـەهۆی ئەمیشەوە پشت لەیەك کردن و رق لەیەك بوون لەیەك ماڵێکدا دروست دەبێت .

*ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کەئەم بۆچوونە لەڕێ دەرچووانە بانگەشەی بۆ دەکرێ بەئاشکرا لـەناو ئەم وولاتەوە لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی خۆی کەچاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت کـە ببن بەیارمـەتی دەرو چاوسـاغ بۆ دەوڵەت و میللەتەکەیان، بەڵام بەداخێکی سەختەوە بوون بەیارمـەتی دەری دوژمنـان لەسـەر دیـن و وولاتیـان ئیتر ئایا بزانن یان نەزانن .

وە مـن گفتوگـۆم کـردووە لەگـەڵ زۆر لـەو گەنجانـەی کـە گەڕاونەتـەوە ڕێی ڕاسـت پـاش ئـەوەی حـەقیان بـۆ ئاشکرا بووە لە زۆر ناوچەکان لەمیرنشیندا، وەئاشکرایان کردووە و جەختیان کردووە لەسەر ئەوەی کـە چـەند دەستێکی نهێنی هەیە ئیش دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ نەخشەو پیلان دانان بۆ ئەم وولاتە بەچەند هۆکارێکی فێڵاوی وەکو: کەم کردن لەڕێزی زانانیان تاگەنجەکانی لێ دوور بخەنەوە، وەبەکەم زانینی کۆششەکانی دەوڵەت بۆ هەڵگەڕانەوە لێی، وەدەڵێن شەریعەت جێبەجێ ناکرێ و دادپەروەری لەنێوان خەڵکیدا ناکرێت وەهیچ کاتێك نابینن کەس فەزڵ وچاکەی هەبێت .

لەبەرامبەر ئەمەشدا وەسف کردنێکی گەورە بۆ چەند کەس و حکومـەت و ڕێکخراوێکی دەست نیشان کـراو کە ئەمە خەلافەت دەگەڕێنێتەوەو شەریعەتی جێ بـەجێ کردووە، وەئابووری بـاش کـردووە، هـەموو ئەمانـە بـۆ هانـدانی گـەنجان لەسـەر حکومەتەکـەیان و بەکـەم زانینـی وولاتەکـەیان، وەمـن گەشـتێکم کـرد بـۆ ئـەو دەوڵەتـە

دەست نیشان کراو و هەڵبژێردراوە بۆ خەلافەت وەکو دەڵێن کەچی بینیم شیرك و کوفرو سەرپێچی کردنی پەروەردگار جێ بەجێ دەکرێ بەئاشکرا لەشەقەمەکاندا نە لێپرسینەوەو نەچاودێر هەیە، نەك هەر ئەمە بەڵکو رۆژانە (نصرانية) بە (فەلە و گاور) کردن دەخوێندرێت لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە، وە کۆمەڵە گومڕاکان ئاشوب دەنێنەوە لە وولاّتدا، وە دەربارەی باری ئابووری قسە بکەو ناخۆش نی‌یە، کەچەند سەد لەدراوەکەیان برسێتی برسییەك پڕ ناکاتەوە و تێرناکات، ئایا ئەمە بەڵگەی جێ بەجێ کردنی شەریعەت و چاك کردنی باری ئابوورییە؟ یاخود دینەکەیان فەوتاندوەو دونیایان بەهۆیەو فەوتاوە؟ وەنمونەی ئەمە یەکێك لەوانەیەکدا بەرامبەر خەڵکێکی زۆر دەربارەی (جەبهەیەکی) دیاری کراو وەسفی دەکردو دەیووت: ئەمە جەبهەیەکی سەلەفی سوننی پاکە تەنها شیعەیەکی تێدا نی‌یە، بەلاّم ئەم جەبهەیە تائێستا زیاتر (٦٠٠٠٠) شەست هەزار پیاوو ئافرەت و منداڵی کوشتوە، یەکێك لەو هۆشمەندانەی کەدەناڵێنی بەدەست ئەم جەبهەیەوە لەولاّتەکەیاندا دەڵێت: (زۆر لەقوتابیانی زانیاری لەلای ئێمە وولاّتیان بەرەو ئاژاوەو توندو تیژی برد بەبەڵگەی درۆ)، ئایا ئەم فێڵ کردن و خەڵەتاندنە بۆ بەرژەوەندی کێ؟ سەلەفی سوننی پاك ئاژاوە نانێتەوە وخەڵکی بەناحەق ناکوژێت، بەلاّم ئەوانەی کە حەق لە بەتاڵ جیا دەکەنەوە زۆر کەمن لەم سەردەمەدا .

وەئەم شاعیرە چەند جوانی ووتوە:

ذهب الذي لم ترض عنه رصاص　　　　فرصاص من أحببته ذهب كما

واتە: گوللەی ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت زێڕە، هەروەکو چۆن زێڕی ئەو کەسەی لێ‌ی رازی نیت گوللەیە .

لەبەهێزترین هۆکارەکان کە بەکاری دەهێنن بۆ بلاّوبونەوەی ئەم بۆچوونە لەڕێ دەرچووانە بۆ گومڕا کردنی بەندەکان بریتی‌یە لەو پەرتوکە گومانیاوانە بەچەند ناونیشانێکی بریقەدار بۆ گومان بردنی خوێنەران بەچاکیان کەژەهری خێرا کوژێنەری تێدایە، کە باشتر وابوو چاوی پێدا بخشێنرایە بۆ هێشتنەوەی شتە چاکەکان ئەگەر تێیدا بێت وەدور خستنەوەی خراپەکان، کە ئەمیش سوێند بەخوا لە ئامۆژگاری کردنە بۆ ئوممەت و ئەمانەتێکە لەملی کاربەدەستان و لەبەرژەوەندی دین و دونیایە، وەفێڵ و تەڵەکەبازیان گەیشتۆتە رادەیەك کە ناميلکەیەکیان بلاّو کردۆتەوە کە بەرگری لەیەکێك لە سەرکردەکانیان دەکات لەناو بەرگی پەرتوکی دامەزراوەیەکی خێریدا بۆ شاردنەوەی لە ئەهلی چاکە کەوا هەستیان کردووە بەترسناکی ئەم پەرتوکانەو خەڵکی لێ ئاگادار دەکەنەوە .

وەمن خۆم داوای لێ بوردنی خاوەنی ئەم دامەزراوەم خوێندەوە کە خۆی پاك دەکردوە لەو ئیشەی کە کردوویانە بەناوی دامەزراوەکەیەوە لەسەر خۆی لای دەبرد .

وەجێگەی داخە کە پەرتوکەکانیان گرنگی پێ دەدرێت و بەرگری لێ دەکرێت و بەئاسانی دەخرێتە بەر دەستی لاوان کەوا هێشتا لەقۆناغی دروست بوون ودەست کەوتنی زانستی شەرعین، وە نازانن مەبەستیان پێیان چی‌یە وجیاوازی ناکەن لە نێوان لاوازو قەڵەو و باش و خراپ دا، وە من لەوە دەترسم کە چاکەکاران ئاگاداری ئەمە نەبن و خراپی‌یەکەی جێگیر بێت و کاریگەریی‌یەکەی بلاّوبێتەوە لەناو بۆچونی گەنجان و کچانمان دا، وە ئەوەی توشی جگە لە ئێمە بووە توشی ئێمەش بێت لە پارچە پارچەیی و فیتنە، خوا نەکات .

وە بە پیرەوە چوونی کەسانێکی هەڵخەڵەتاو بەم بۆچونە خراپانە بەرەو تەقینەوە تاوانباری‌یەکەی (رياض وخبر) کە قوربانییەکەی چەند موسڵمان و پەیمان پێدراو فەوتاندنی ماڵ و ترساندنی ئارامان بوو کاریگەری کردە سەرمان و بوو بە غەم و پەژارە بەسەرمانەوە، وەتا ڕاوەستین لەسەر حوکمە شەرعی‌یەکەی کەوا ئارەزوو سۆز لاینابات و نایگۆڕێت، هەروەکو ئێمە زانیمان وە جگە لەئێمەش بە زانامانیان راگەیاند (رەحمەتی خوایان

لیٚ بیٚت) لەم تاوانە ناشیرینە کەوا نەدین و نە عەقڵ دانی پیٚدا نانیٚت، وە تیٚیدا چەندەها پیٚ خلیسکان و چەندەها پیٚنوس رشان و چەندەها بۆچوون بلاٌوبوونەوە لە نیٚوان زیادڕەوی و کەمڕەوی دا، کەسیٚك حوکمی کوفر دەدات و کەسیٚکی تر بیانو دیٚنیٚتەوە، وە هیچ بیانویەك نی یە .

ما يبلغ الأعداء من جاهل ما يبلغ الجاهل من نفسه

واتە: ئەوەی نەزان خۆی بەخۆی دەکات دوژمنان ناتوانن پیٚی بکەن. ئەمیش وتارەکەی پایە بەرز شیخ محمد بن صالح العثيمين (رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت) کە پاش ڕوودانی تەقینەوە تاوانکاری‌یەکەی (خبر) داویٚتی کە تیٚیدا خاڵی لەسەر پیتەکان داناوە بۆ کەسیٚك کە مەبەستی ناسین و جیاکردنەوەی حەق بیٚت لە بەتاڵ و ساغ لە نەخۆش، لە پاش پیٚشەکیٚکەی دەفەرمیٚت: (بەندەکانی خوا ئەو دینە ئیسلامەی کە خوای گەورە رازی بوو بۆتان، وە کۆتا پیٚغەمبەرانی بۆ ناردووە ﷺ بریتی‌یە لەدینی وەفاو دینی ئەمانەت و دینی دادوەری و دینی راستیٚتی، دینی چاککردن، دینی گەیاندنی بەزەیی، خوای گەورە دەفەرمیٚت:

﴿وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا﴾ [الإسراء: ٣٤].

واتە: پەیمان بپاریٚزن، چونکە پرسیارتان لیٚ دەکریٚت بەرامبەر پەیمانەکانتان .

وە دەفەرمیٚت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ [المائدة: ١].

واتە: وەفاتان هەبیٚت بەرامبەر پەیمان بەستنتان لەگەڵ خوای گەورە و خەڵکی و پەیمانەکانتان بەرنەسەر .

وە دەفەرمیٚت: ﴿أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الأنفال: ٢٧].

واتە: ئەی باوەڕداران ناپاکی مەکەن لەگەڵ خوای گەورە بە شکاندنی فەرمانەکانی، وەناپاکی لە پیٚغەمبەری خوا ﷺ مەکەن ئەگەر ئەمانەتیٚکی لاتان داناو ئیٚوەی کرد بە ئەمین، وناپاکی لە ئەمانەتی یەکتری مەکەن لە کاتیٚکدا ئیٚوە دەزانن فەرمانتان پیٚکراوە بە پاراستنی. وە دەفەرمیٚت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ [المائدة: ٨] .

واتە: ئەی باوەڕداران هەستن بە جیٚبەجیٚکردنی دادوەری بۆ خوا وە بزانن کە خوای گەورە شایەتە بەسەرتانەوە وە با رق لیٚ بونتان بۆ کەسانیٚك واتان لیٚ نەکات کە دادوەر نەبن لەگەڵیان دا، دادپەروەر بن ئەمە نزیك ترە لە لەخواترسان، و لە خوا بترسن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە زانایە بەکردەوەکانتان .

وە دەفەرمیٚت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ [التوبة: ١١٩].

واتە: ئەی باوەڕداران لە خوا بترسیٚن و لەگەڵ راستگۆیاندا بن.

وە دەفەرمیٚت:

﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ [النساء: ٣٦].

واتە: بەتاك و تەنها خوا بپەرستن و هیچ هاوبەشی‌یەکی بۆ بڕیار مەدەن وە چاکە لەگەڵ دایك و باوکتاندا بکەن.

وە دەفەرمیٚت: ﴿وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ﴾ [الرعد: ٢١].

واتە: یەکیٚك لە سیفاتی ئەو کەسانەی کە دەبن بە میراتگری زەوی وبە هەشتی نەبڕاوەیان بۆ هەیە بریتی‌یە لە گەیاندنی بەزەیی و سەردانی خزم و کەس وکاریان .

دینی ئیسلام هەروەكو چۆن فەرمان دەكات بە رەوشتی بەرزو جوان و ئەدەبی دادپەروەر لە هەمان كاتدا دژایەتی غەدرو خیانەت و ستەم و درۆو ئازاردان وپچڕانی بەزەیی(سەردان نەكردن) دەكات، پێغەمبەر ﷺ ئاگادارمان دەكاتەوە لە خوڕەوشتی خراپ و ناشیرین، وە دەفەرمێت:

(أربع من كن فيه كان منافقاً خالصاً، ومن كان فيه خصلة منهن كان فيه خصلة من النفاق حتى يدعها: إذا ائمن خـان، وإذا حدث كذب وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر)[٥١].

واتە: چوار رەوشت هەیە هەر كەسێك تێیدا بێت ئەوا دوو روویەكی تەواوە، وە هەركەسێك رەوشتێ لەوانەی تێدا بێت ئەوا رەوشتێكی لە دوو روویی تێدایە هەتا وازی لێ دەهێنێت:-ئەگەر ئەمانەتی لەلا دابنێیت ئەوا ناپاكی لێ دەكات، ئەگەر قسە بكات درۆ دەكات، وە ئەگەر پەیمانی بەست نایباتە سەر وغەدر دەكا، وە ئەگەر روو بەڕوو بووەوە خراپە دەكات.

وە دەفەرمێت:

(ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟ قلنا بلى يا رسول الله: قال: الإشراك بالله وعقوق الوالدين)[٥٢].

واتە: ئایا ئاگادارتان نەكەمەوە لە گەورەترین تاوانە گەورەكان، وتمان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگادارمان بكەرەوە، فەرمووی: هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورەو ئازاردانی دایك و باوك.

وە دەفەرمێت: (لا يدخل الجنة قاطع)[٥٣].

واتە: ئەوەی پەیوەندی بەزەیی نەگەیەنێت (سەردان كردن) و بیپچڕێنێت ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە (واتە چونە بەهەشتی دوا دەكەوێت)، كەواتە ئیسلام دینی پایە بەرزیە، دینی خوڕەوشتی جوانە، دژایەتی بەد رەوشتی دەكات .

بەندەكانی خوا وەفا بوون لە پەیمان دا لە رەوشتە بەرزەكانی ئیسلامە كە خوای گەورە فەرمانی پێ كردووە و هانی داوەو پێیدا هەڵی داوە، وە غەدرو ناپاكی لە رەوشتە خراپە زەم كراوەكانە، كەوا هەموو شەریعەتەكان حەرامیان كردوە، وە سروشتەكانیش لێی رادەكەن، وە گەورەترین غەدرو ستەم كوشتنی كەسێكە كە خوای گەورە حەرامی كردووە بكوژرێت و خوێنی بڕێژرێت، تەنها خوێنی موسڵمان نییە بەڵكو ئەو كەسانەی كە خوای گەورە حەرامی كردووە خوێنیان بڕێژرێت بریتی‌یە لە خوینی موسڵمان، خوێنی كافری ذمی (ئەوانەی كە جزیە وسەرانە دەدەن ولە وولاتی ئیسلام دا دەژین)، وە خوێنی كافری پەیمان پێدراو، وە خوێنی كافری ئەمین كراو، ئەمانە هەموویان خوێنیان پارێزراوە و رێزلێنراوە وحەرامە بڕێژرێت هەروەكو چۆن باسیان دەكەین إن شاء الله:

یەكەمیان: خوێنی موسڵمان رێزو پاراستنی ئاشكرایە بۆ هەموو مرۆڤێك وە ئەمە زانراوە لە دیندا بەگرنگی، هەر كەسێك ئیسلام بوونی خۆیمان بۆ ئاشكرا بكات ئەوا خوێنی حەرامە بڕێژرێت هەرچەندە چەنێ تاوان بكات كە قورئان وسوننەت دەلالەتی نەكرد بێت لەسەر ئەوەی كەخوێنی پێ حەڵاڵ دەبێت .

بەڵام ذمی وپەیمان پێدراو ئەوا جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ كە فەرموویەتی:

(من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة، وإن ريحها توجد من مسيرة أربعين عاما)[٥٤].

---

(٤٧) (رواه البخاري ومسلم والحاكم، وانظر: صحيح سنن الترمذي: ٢٦٣٢، وصحيح سنن النسائي: ٥٠٢٠، وصحيح الجامع الصغير: ٨٨٩ و٨٩٠).

(٤٨) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ١٩٠١ و٢٣٠١ و٣٠١٩، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٥٠٨).

(٤٩) (رواه البخاري ومسلم وأبو داود والترمذي والحاكم، وانظر: صحيح سنن الترمذي: ١٩٠٩، وصحيح سنن أبي داود: ١٦٩٦، وصحيح الجـامع الـصغير: ٧٦٧١).

واتە: هەر کەسێك کافرێکی پەیمان پێدراو بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات، هەرچەندە بۆنی بەهەشت لەدوری چل ساڵە رێگەوە دێت .

هەروەها ئیمامی بوخاری لە عبداللە کوڕی عومەرەوە (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

(لا يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يصب دماً حراماً)[٥٥] .

واتە: بەردەوام باوەڕدار لە دینەکەیدا لە فراوانی دایە هەتا خوێنی حەرام نەڕێژێت.

وە زانیتان کەخوینە حەرمەکان چوار بەشن، پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە فەرموویەتی:

(لا يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يصب دماً حراماً)[٥٦].

عبداللە کوڕی عومەر (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی:

(إن من ورطات الأمور التي لا مخرج لمن أوقع نفسه فيها سفك الدم الحرام بغير حله)[٥٧].

واتە: یەکێك لە قوڕاوەکانی ئیش وکار کە هەر کەسێك خۆی بکاتە ناوی رێگای دەرباز بوونی نی‌یە بریتی‌یە لەوەی کە خوێنێکی حەرام بڕێژێت بەبێ حەڵاڵی .

وەعبداللە ی کوڕی عومەر (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) ڕاستی فەرمووە، وەخوێنی پەیمان پێدراو ڕژاندنی حەرامە وە لەتاوانە گەورەکانە، چونکە پێغەمبەر ﷺ پێمانی راگەیاندووە کە هەر کەسێك بیڕژێنێت بۆنی بەهەشت ناکات، وەهەموو تاوانێك کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا یان پێغەمبەر ﷺ لە سوننەتەکەیدا هەڕەشەی لێ بکات ئەوە لەتاوانە گەورەکانە .

وەخوێنی ئەمین کراو، خوای گەورە لە قورئاندا دەربارەیان دەفەرمێت:

﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ﴾ [التوبة: ٦].

واتە: ئەگەر یەکێك لەهاوبەش بڕیاردەران داوای پەناو پاراستنی لێت کرد ئەوە پەنای بدەو بیپارێزە هەتا گوێی لەقسەی خوای گەورە دەبێت، پاشان بیهێنەرەوە شوێنی ئەمینی خۆی لەشاری خۆی.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(ذمة المسلمين واحدة يسعى بها أدناهم، فمن أخفر مسلماً فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لا يقبل منه صرف ولا عدل)[٥٨].

واتە: پەیمانی موسڵمانان یەکە تا دەگاتە نزمترینیان (ئەگەر موسڵمانێك پەنای کافرێکی دا ئەوە بە پەیمانی هەموو موسڵمانان دەژمێردرێت)، وەهەر کەسێك پەیمان هەڵوەشێنێتەوە وە ستەم بکات ئەوە نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکی لەسەرە، وەنەخێرو نەشایەتی لێ وەرناگیرێت .

---

(٥٤) (رواه البخاري في صحيحه والنسائي وابن ماجة، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٤٥٧، وصحيح سنن ابن ماجة: ٢٦٨٦، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٥٢، ومشكاة المصابيح: ٣٤٥٢).

(٥١) (صححه الألباني في: غاية المرام: ٤٤٠).

(٥٢) (نفس المصدر).

(٥٧) (أخرجه البخاري والحاكم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٣٧).

(٥٨) (البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وأبو داود، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٢٠٣٤، وصحيح الجامع الصغير: ٦٦٨٣، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٩٨٦ و٣٠٠٣، ومشكاة المصابيح: ٢٧٢٨).

مانای فەرموودەکە ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمانان ئەگەر کەسێکی ئەمین کردوو کردیە ژێر پەیمانی خۆیەوە ئەوە پەیمانی ئەو پەیمانی هەموو موسڵمانانە هەر کەسێك هەڵی بوەشێنێتەوەو ستەم بکات لەوەی کە پەیمان و ئەمانەتی لەموسڵمانەکە وەرگرتووە ئەوە نەفرەتی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەرە .

وەئێمەیش نەفرەت دەکەین لەوەی کەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ومەلائیکەت نەفرەتیان لێ کردووە نە خێر و نەچاکەو نەشایەتی لێ وەرناگیرێ .

و لەصەحیحی موسلیم دا (أم هانيء ) کچی ئەبو تالیب (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی ئازاد کردنی شاری مەککە، سەلامی لە پێغەمبەر ﷺ کردوو پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مـن هــذه) ئەمە کێیە؟ فەرمووی من (أم هانيء )م کچی ئەبو تالیب، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (مرحباً بأم هــانيء) سەلاو بێت لە ام هانئ : ئەمیش فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا عەلی کوڕی دایکم، مەبەستی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە رضي الله عنه ووتویەتی کەوا پیاوێکی کوشتوە کەوا من پەنام دابوو، پێغەمبەر ﷺ فەرموی:

(قد أجرنا من أجرت يا أم هانئ)(٥٩).

واتە: ئێمە پەنامان داوە بەکەسێك کەتۆ پەنات دابێت ئەی ام هانيء.

پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی دا بە پەنا دانی ئافرەتێك وە پەنا دانەکەی دانا بەپاراستنی خوێنی هاوبەش بڕیاردەرەکە .

لەسەر ئەم شتە هەر کەسێك لەلای ئێمە لە کافران پەنا درابێت و لە ئەماندا بێت ئەوە حەرامە، خوێنی حەرامە.

بەمە هەڵەی ئەو تەقینەوەیە دەزانین کە لە (الخبر) رووی دا لەشوێنێکدا کە پڕبوو لەکەسانی خوێن و ماڵ پارێزراو، شەوی چوارشەممە لەم مانگەدا مانگی سەفەر ساڵی ١٤١٧ کە لەئەنجامیدا زیاتر لە هەژدە کەس کوژران وهەشتاو شەش بریندار بوون و کە موسڵمان ومنداڵ و ئافرەت و پیرو گەنجی تێدا بوو، وەبەهۆیەوە ماڵ و جێگاو سامانێکی زۆر لەناوچوو، وەگومان لەوەدا نی‌یە کە ئەم ڕووداوە نە شەرع و نەعەقڵ و نەفیترەت دانی پێدا نانێت .

لەرووی شەرعەوە چەند دەقێکی قورئانی و چەند فەرموودەیەکتان بیست کە بەڵگە بوون لسەر پێویست بوونی ڕێز لێنانی موسڵمانان لە خوێن و ماڵیاندا، هەروەها ئەو کافرانەی کە ئەهلی (ذمة)ن یاخود پەیمان و پەنایان پێدراوە پاراستنی خوێنی ئەمانیش لەئیشە چاکەکانی ئیسلامە، وەپاراستنی خوێنیان بەهۆی پەیمانەوە خۆشویستن وپشتیوانی و سەرخستنیان ناخوازێت بەڵام وەفا بوونە بەرامبەر بە پەیمان و لە پەیمانیش دەپرسرێتەوە، لەرووی عەقڵیشەوە: مرۆڤی ژیر هیچ هەڵس وکەوتێك ناکات لەشتێکی حەرامدا، چونکە خراپی ئەنجامەکەی دەزانێت، وەمرۆڤی ژیر هەڵس و کەوت ناکات لەشتێکی حەڵاڵ و ڕیگە پێدراودا هەتا ئەنجامەکەی بۆ روون نەبێتەوە وەنەزانێت چی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وەکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليصمت)(٦٠) .

واتە: ئەوەی باوەڕی هەیە بەخواو بەرۆژی دوایی یان با چاکە بڵێت یاخود بێ دەنگ بێت، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لە داواکارییەکانی باوەڕو تەواویەتییەکەی داناوە کە مرۆڤ هیچ شتێك نەڵێت جگە لەچاکەو خێر یاخود

---

(٥٥) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٤٣٦٦، ومشكاة المصابيح: ٣٩٧٧).

(٥٦) (رواه البخاري ومسلم وأبو داود والترمذي، وانظر: صحيح سن أبي داود: ٥١٥٤، وصحيح سنن الترمذي: ٢٥٠٠، وصحيح الترغيب والترهيـب: ١٦٦ و ٢٥١٨ و٢٥٨٦، ومشكاة المصابيح: ٤٢٤٣).

بێ دەنگ بێت، هەروەها دەوترێت: لەداواکارییەکانی باوەڕو تەواوکارییەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ کردەوەیەك نەکات تەنها چاکە نەبێت یاخود خۆی بگرێت و هیچ نەکات .

وەسەرپێچی ئەم کردەوە ناشیرینە بۆ فیترەتی مرۆڤ، هەموو فیترەتێکی ساغ دژایەتی کردنە سەر جگە لەخۆی پێ ناخۆشەو بە خراپەی دەزانێت، ئایا تاوانی ئەو موسڵمانانە چی‌یە کە لەم رووداوەدا توش بوون، تاوانی خەڵکی ئارام و هێمن چی‌یە کە لەماڵی خۆیان و لەسەر جێگاکانیان توشی ئەم رووداوە ئازاراویە بوون؟!.

تاوانی خەڵکی پەیمان پێدراو و پەنا پێدراو چی‌یە ؟!.

بەڕاستی رووداوێکی خراپ بوو هیچ بیانو و بەڵگەیەکی نی‌یە:

**بەلام خراپەکاری و ئاشوبەکانی ئەمانەن:-**

یەکەم: لەئاشوب و خراپەکارییەکانی ئەوەیە کەسەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ وە پێشێل کردنی قەدەغەکراوەکانی خوای گەورەیە وە رووبەڕوو بوونەوەو توش بوونی نەفرەتی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکی‌یە، وەدەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەرەکەی نە خێرو نەچاکەو نەشایەتی لێ وەرنەگیرێت .

دووەم: یەکێکی تر لە خراپەکاریی‌یەکانی بریتی‌یە لە شێواندنی ناوبانگی ئیسلام، چونکە دوژمنانی ئیسلام وێنەی ئەو رووداوە دەقۆزنەوە بۆ شێواندنی ناوبانگی ئیسلام و خەڵك لێ دوور خستنەوەی لەگەڵ ئەوەی ئیسلام پاکەو دورە لەم شتە، رەوشتەکانی ئیسلام بریتی‌یە لە راستۆگۆیی و چاکە کردن ووەفا بوون بەرامبەر بە پەیمان، وە ئایینی ئیسلام ئاگاداری خەڵکی دەکاتەوە لەم رووداوەو هاوشێوەی ئەم رووداوە سەختترین ئاگادارکردنەوە.

سێیەم: یەکێکی تر لە خراپەکاری‌یەکانی: لەدەرەوەو ناوەوە پەنجە درێژ دەکرێت کە ئەمە ئیشی ئەو کەسانەیە کە پەیوەستن بە ئیسلامەوەو پیشەی ئەوانە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە دڵنیاین لەوەی کە ئەوانەی پەیوەستن بە شەریعەتی خوای گەورەوە بە راستی بەرەو رووی وێنەی ئەم کارانە ناچن و هیچ کاتێکیش پێی رازی نابن، بەڵکو بەرائەتی خۆیان دەردەبڕن وبەرهەڵستی دەکەن گەورەترین بەرهەڵستی، چونکە ئەوەی بەڕاستی پەیوەست بێت بە دینی خوای گەورەوە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی دینی خوای گەورە بەو شێوەیەی کە خوا دەیەوێت نەك بەو شێوەیەی کە ئارەزووی پێی خۆشە و حەزەکەی پێی دەڕەخسێت کە بنیات نراوە لەسەر سۆزی پەلەو نەفامی و بەرنامەی لەڕێ دەرچووی خوارو خێچ، وە مەبەستم ئەو پەیوەستی-یە یە کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ شەریعەت دا کە زۆرە لە ناو گەنجانمان دا سوپاس بۆ خوا.

چوارەم: یەکێکی تر لە خراپەکاری‌یەکانی ئەوەیە کە زۆر لە خەڵکی نەشارەزا لەڕاستێتی پەیوەست بوون بە دینی خواوە بەم شێوازە تەماشای زۆر لەو کەسانە دەکەن کە پەیوەستن بە ئیسلام و پاك و دورن لەم کردەوانەوە، هەروەکو چۆن لە هەندێ خەڵکی نەزانمان بیست کە منداڵەکانیان ئاگادار دەکردەوە لەوەی کە پەیوەست نەبن بە دینەوە بە تایبەتی لەپاش ئەوەی کە شێوەی ئەو کەسانەیان بینی کە حوکم درا بەسەریان دا لە رووداوی تەقینەوەکەی (ریاض).

وە من ئەی برایان بەم بۆنەیەوە زۆر سەرسامم لە کەسانێك کەوا زمانیان بەرداوە ودەم درێژی دەکەن سەبارەت بەو حوکم دانەی کە درا بەسەر ئەو کەسانەدا کە تەقینەوەکەیان ئەنجام دا، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بڕیارە بە بەهێزترین ڕێگاکانی حوکم دەرچووە، وە دەرچوە لەلایەن چەند قازی‌یەکی دادوەر کەوا ئەمینن لەسەر

خوێن و ماڵ و داوێنی خەڵکی وە بڕیارەکە پشتگیری کراو ڕەزامەندی بۆ دەربڕا لە لایەن (هیئة التمییز) ەوە پاشان بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای بڕیاردان پاشان جێبەجێکرا لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئەو وڵاتەوە .

ئایا لەپاش هەموو ئەمانەش ئەبێت ئەو موسڵمانەی کە باوەڕی بەخوای گەورەو وتەکانی هەیە زمانی بەربدات لەم بڕیارەو بڵێت نزیکترە لە تاوانەوە وەك لە سەلامەتی، وە ئەگەر مرۆڤ قسە لەسەر ئەو بڕیارە بکات کە دەرچووە بەبەهێزترین حوکم و ڕێگاکانی ئەوا گونجاوە بۆی کە لەمە خوارتر چی دەڵێت بڵێت، وە ئەوەی کە زانراوە لە لای خەڵکی تایبەت و گشتی، وڵاتی ئێمە سوپاس بۆ خوا بە هێزترین وڵاتی جیهانە ئیستا لە حوکم کردن بە قورئان، دورو نزیك شایەتی بەم شتە دەدەن، وە من وا گومان دەبەم ئەگەر ئەم تەقینەوەیە زیانی بۆ سەر کەسێکی خۆی هەبوایە ئەوا ئەوەی ئێستا دەیڵێت نایووت،

ئەگەر گریمان و واز لەمە بهێنین کە ئەمانە دەیڵێن خۆ حاکم کەوا ئەم بڕیارەی داوە لێخۆش بووەو پاداشت وەرگراوە لە لایەن خواوە، بەیەك پاداشت ئەگەر بڕیار بدات و هەڵە بکات، وە بڕیاری دەرچوویش پەندو ئامۆژگاری‌یە بۆ کەسێك کە هەوڵی ئاشوب و تێکدان بدات لەم وڵاتەدا، وە بڕیار لەسەر دراوانیش ئەوەندەی خوای گەورە قەدەری لەسەربێت ژیانیان بەسەر بردووە وە پاداشت دەدرێنەوە لەسەر ئەو لەناوچوونەی کەڕووی تێیان کردوە.

بەڵام گومانی تێدا نی‌یە ئێمە لە وڵاتەکەماندا باوەڕمان هەیەو دڵنیاین لەو بڕیارانەی کەوا حاکمە قازی- یەکانمان دەری دەکەن و جێبەجێکەرانی جێبەجێ‌ی دەکەن، داواکارین لە خوای گەورە ڕاست و دامەزراویان بکات لە ووتەو کردارەکانیان.

پێنجەم: یەکێکی تر لە خراپەکاری‌یەکانی ئەم کردەوە ناشیرینە مەبەستم تەقینەوەکەی (الخبر)ە ئاژاوەو هەرا دروست دەکات لەم وڵاتەدا کەوا دەبێت بە هێزترین وڵاتی جیهان بێت لە هێمنی و ئارامی دا، چونکە ماڵی خوای گەورەی گرتۆتە خۆی کە خوای گەورە کردویەتییە شوێنی کۆبوونەوەو هێمنی خەڵکی، چونکە کەعبەی حەرامی تێدایە کە خوای گەورە کردوویەتی بە هۆی هەڵسوڕانی بەرژەوەندی دین و دونیایان وەکو دەفەرمێت:

﴿وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِلنَّاسِ وَأَمْنًا﴾ [البقرة: ١٢٥].

واتە: کەعبەمان کردووە بە شوێنی گەڕانەوەی حاجی‌یەکان لەپاش بڵاوبونەویان لێ‌ی، وە کردوومانە بە شوێنی هێمنی و ئارامی نابێت کەس لەوێدا بترسێت.

و دەفەرمێت: ﴿جَعَلَ اللَّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ قِيَامًا لِلنَّاسِ﴾ [المائدة: ٩٧].

واتە: خوای گەورە کەعبەی ماڵی حەرامی کردووە بە هەڵسوڕانی دین و دونیایان کە ترساو تیایدا ئارام دەبێت، لاواز تیایدا سەردەکەوێت، بازرگان تیایدا قازانج دەکات، خواپەرست تیایدا خواپەرستی دەکات.

شەشەم: یەکێکی تر لە خراپەکاری‌یەکانی ئەم کردەوە ناشیرینە بوو بەهۆی لەناوچوونی خەڵکی وماڵیان وزەرەرو زیان لێیان هەروەکو چۆن خەڵکی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بینیان، وە دڵەکان هەڵدەقوڵان، وە جەرگەکان پارچە پارچە دەبوون، فرمێسکەکان دەهاتنە خوارەوە لە کاتێکدا کە مرۆڤ دەیبینی منداڵەکان لەسەر مێزی پزیشکی بوون هەیان بوو چاوی بەرکەوتبوو، هەبوو گوێی یاخود دەستی یاخود پێ‌ی یاخود هەر بەشێکی تری لەشی، تەماشایان دەکرد بزانن کێ سەردانیان دەکات، نەیان دەتوانی ئەوەی کە ڕووی داوە لەسەر خۆیانی لادەن، یاخود ئەوەی چاوەڕوان کراوە بیگەڕێننەوە، ئایا کەس دان بەم شتەدا دەنێت، یاخود پێ‌ی ڕازی دەبێت؟

ئایا ویژدان هەیە بۆ ئەم کارەساتە نەجوڵێت؟

وە نازانم بەم ئیشەیان مەبەستیان چی‌یە؟ ئایا مەبەستیان چاکسازی‌یە؟! چاکسازی بەم شێوانە نابێت، خراپە چاکە ناهێنێت، وە هیچ کاتێك هۆکاری خراپ نابن بە ڕێگایەك بۆ چاکسازی، ئیتر چۆن پیسی پاك دەکرێتەوە بە لە خۆی پیس تر؟! ئێمەو جگە لە ئێمەش لەوانەی خاوەن شارەزایی وحەق بێژن دەزانن کە وولاتی ئێمە سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ باشترین وولاتی موسڵمانانە لە حوکم کردن بە قورئان ودوورکەوتنە لە ئیشە خراپەکان ورەوشت بە هیلاك چووەکان، سوپاس بۆ خوا لە وولاتی ئێمەدا گۆڕ نی‌یە بە دەوری دا بسوڕدرێتەوە و بپەرسترێت وە عارەقی تیادا بە ئاشکرا بخورێتەوە و بفرۆشرێت، کەنیسەی ئاشکرای تێدا نی-یە کە جگە لە خوای گەورەی تێدا بپەرسترێت، وە ئەو شتانەی کە لەزۆربەی وولاتانی ئیسلامی دا هەیە ئەمڕۆ لێرە نی‌یە، ئیتر ئایا گونجاوەو شایانە بە ئامۆژگاری کارێك بۆ خواو پێغەمبەری خوا ﷺ وە باوەڕداران کە فیتنەو ئاشوب بگوازێتەوە بۆ وولاتانی ئێمە، با ئەو کەسانە لەخوا بترسن و قسەی ڕاست بڵێن و کردەوەی سوپاس کراو بکەن .

پەروەردگار ئێمە لەم شوێنەمانەوە کە چاوەڕێی فەرزێك لە فەرزەکانتین داوات لێ دەکەین کە ئاشوب و ئاشوبکاران نەهێڵیت، خوایە ئاشوب وئاشوب گێڕان نەهێڵیت، خوایە پیلان و فێڵی خۆیان بکە بە گەروی خۆیان دا، وە نەخشە دانانیان بڕوخێنیت بەسەریان دا ئەی پەروەردگاری جیهانان، خوایە ئێمە داوات لێ دەکەین وولاتمان بپارێزیت لە خراپەی فیتنەی ئاشکراو نهێنی، خوایە لە خراپەکاری نەفسمان و خراپەی بەندەکانت بمانپارێزیت، وە هێمنی و ئارامی وولاتمان بەردەوام کەیت و زیاتر چاك و چاکسازی بکە هەرتۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، (أقول قولي هذا وأستغفر الله لي ولكم ولكافة المسلمين من كل ذنب فاستغفروه إنه هو الغفور الرحيم) تەواو بوو

خوایە بمانگێڕیت لەو کەسانەی کەوا گوێ لە ووتە دەگرن و شوێنی باشترینی دەکەون.

وصلى الله على نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين.

## پێویستێتی ئامۆژگاری و سودەكانی

ئەمە ووتەی زانای پایەبەرز شیخ عبدالرحمن سعدی‌یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زانای نەجد لەسەردەمی خۆیدا، لەپەرتووكەكەی (الرياض الناضرة والحدائق النيرة الزاهرة) دەیهێنمەوە لێرەدا بەبێ هیچ دەستكاری كردنێك لەمنەوە لەبەر گرنگی بابەتەكە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا كەوا تانەو تەشەردەر تێیدا زۆربووەو ئامۆژگاری كار تێیدا كەم بووە، خۆبەزانا زۆر بووە و قسەكەر بەحەق كەم بووە، گازندە بێت بۆ لای خوای گەورە .

ئێستا لەگەڵ ووتەكەی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: ثبت في الصحيح عن النبي ﷺ أنه قال: (الدين النصيحة)–ثلاثا– قالوا لمن يا رسول الله؟ قال: (لله ولكتابه و لرسوله و أئمة المسلمين وعامتهم)[٦١].

واتە:– دین ئامۆژگاریە –سێ جار فەرمووی– وتیان بۆ كێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: (بۆ خواو قورئانەكەی و پێغەمبەرەكەی ﷺ وپێشەوایانی موسڵمانان و هەموو موسڵمانان). پێغەمبەر ﷺ هەواڵێكمان پێ ڕادەگەیەنێت كە هاندانی تێدایە بۆ ئامۆژگاری كردن وحەز كردن لێی، وە دین هەموو كورت كراوەتەوە لە ئامۆژگاری كردن، واتە: هەر كەسێك هەستێت بە ئامۆژگاری كردن ئەوا هەستاوە بە جێ بەجێ كردنی دین، وە ڕاڤە كردنێك ڕاڤەی كردووە كە هەموو تەم و مژێك لا دەبات وە هەموو حاڵەتەكان دەگرێتەوە وەبابەتی ئامۆژگاری كردن پێنج شتە، جێبەجێ كردنی بەتەواوی بەندە تەواو دادەمەزرێت.

*ئامۆژگاری كردن بۆ خوا بریتی‌یە لە هەستان بە جێبەجێ كردنی مافەكانی و پەرستنی تەواوی و پەرستنەكەشی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كە پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت لە بنچینەكانی باوەڕ بەگشتی، وە كردەوەكانی دڵ و لاشە، وە ووتەی زمان لە فەرزو سوننەت وجێبەجێ كردنی ئەوەی كە لەتوانادایە، وە هەبوونی نیەت بە كردنی ئەوەی كە لەتوانادا نی‌یە، خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی كە عوزریان هەیە دەفەرمێت :

﴿لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ [النور: ٦١].

واتە: كوێر و شەل و نەخۆش تاوان و گوناهیان لەسەر نی‌یە ئەگەر دواكەوتن لە غەزا كردندا ئەمیش ﴿إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ [التوبة: ٩١] .

واتە: ئەگەر ئامۆژگاریان كرد بۆ خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ ئەویش بە نیەتی ڕاست و هەستان بەجێبەجێ كردنی ئەوەی كە لە توانادایە .

وە لەگەورەترین ئامۆژگاری بۆ خوا بریتی‌یە لە: بەرگری كردن لەدینەكەی و وەڵام دانەوە و هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی ئەو كەسانەی كە لەسەر بەتاڵ و ڕێگەی هەڵەن، وەڕوونكردنەوی چاكەكارییەكانی دین ئاشكراو نهێنی، چونكە ڕوونكردنەوەی چاكەكارییەكانی دین بەتایبەتی لەم كاتەدا كەوا زیاتر مادده زاڵ بووە بەسەر خەڵكی دا وە بەجوانی و ڕازاوەیەكەی زۆربەی خەڵكی هەڵخەڵەتاوە، وە بەعەقڵە خراپە بەتاڵەكەیان وا گومانیان بردووە كەئەمە مەبەستە وە ئەوپەڕی چاكەو تەواوی‌یە وە لووت بەرزبوونە بەرامبەر ئایەتەكانی خوای گەورەو ڕوونكردنەوەكانی دینەكەی وە بەدڵی زۆربەیاندا نەهاتووە كە چاكەكاریەكانی دینی ئیسلام بەرز بۆتەوە بەهۆی تەواوی وجوانی و ڕێكی‌یەكەی بەسەر هەموو شتێكدا، وە چاكەكاری جگە لەدینی ئیسلام –

(٥٧) (رواه النسائي والترمذي، وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي: ٤٢٠٠، وصحيح سنن الترمذي: ١٩٢٦، وإرواء الغليل: ٢٦).

ئەگەر وا دابنێن کە چاکەکاریان تێدا هەیە– ئەوا نامێنێت و لەناو دەچێت ئەگەر بپێورێت بەنور و ڕوناکی دینی ئیسلام و گەورەیەکەی و جوانی‌یەکەی، وە تەنها ڕێگەیە بۆ چاکردنی مرۆڤ و خۆشبەختی و بەختەوەری‌یان، وەزۆر زەحمەتەو مەحاڵە بەختەوەری بەدەست بێت بە جگە لەدینی ئیسلام .

بەڵام بەختەوەری دین ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێکی حەق بێژ، بەڵام بەختەوەری دونیا هەموو شتە ماددیە ڕووتەکان ئەگەر خاڵی بن لە گیانی دین ئەوا بەدبەختی و خراپەو نەهامەتییە بەسەر خاوەنەکەیەوە، وەئەوەی بینراوە گەورەترین شاهیدە لەسەر ئەم شتە .

وە شتە ماددیەکان بەرزبوونەتەوە لەم سەردەمەدا بەرزبوونەوەیەکی یەکجار زۆر کە ڕەوان بێژ دەستە وەستان دەبێت لە دەربڕینی دا، لەگەڵ ئەمەشدا ئایا ئەو کەسانە ژیاون لەگەڵ خۆیاندا و لەگەڵ جگە لەخۆیاندا وە لەگەڵ باقی ئوممەتەکانی تر ژیانێکی بەختەوەری و کامەرانی و دڵ خۆشی؟ یاخود بە پێچەوانەوە؟! .

لەبەلایەك دەرناچن تووشی بەڵایەکی تر دەبن: لە غەم و پەژارەو سزایەك دەرناچن دەکەونە ناو سزایەکی گەورەترەوە، وە سوێند بەخوای گەورە هیچ شتێك رزگاریان ناکات جگە لە دینی ڕاستی ئیسلام، خۆیان و جگە لە خۆیشیان ئەنجامە ترسناکەکانی دەزانن لە دواڕۆژدا.

*بەڵام ئامۆژگاری کردن بۆ قورئانی خوای گەورە بە ڕووتیکردنی دەبێت بەگشتی بەخوێندنەوە و بیر کردنەوە و تێگەیشتن لەماناکەی و فێرکردنی خەڵکی و خۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشتەکانی و بە ئادابەکانی و ئیش کردن بە حوکمەکانی و دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی و بانگەواز کردن بۆ ئەم شتانە.

*وە ئامۆژگاری کردن بۆ پێغەمبەر ﷺ بریتی‌یە لە باوەڕهێنانی تەواو پێی و بەگەورە زانینی و ڕێزگرتنی و پێشخستنی خۆشەویستی ئەو و شوێن کەوتنی ئەو بەسەر هەموو خەڵکێك دا، وە جێبەجێ کردنی ئەم شتە وبەڕاست دانانی بەشوێن کەوتنی بەنهێنی و ئاشکراو بە بیر و باوەڕو ڕەوشت و کردەوەدا. خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ ﴿آل عمران: ٣١﴾.

واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن خوای گەورەتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون خوای گەورە خۆشتانی دەوێت.

وە سور بوون لەسەر فێربوونی سوننەتەکەی و فێرکردنی خەڵکی و دەرکردنی ماناکانی و سودە جوانەکانی کە ئەمیش هاوشێوەی قورئانە. خوای گەورە دەفەرمێت :

﴿ وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ ﴿النساء: ١١٣﴾.

واتە: خوای گەورە قورئان و سوننەتی دابەزاندۆتە سەر تۆ .

وە کورتەی ئەوەی وتمان (ئامۆژگاری بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بریتی‌یە لە باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ وە گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەمە هەموو ئەوەی پێشتر دەگرێتەوە .

*وە ئامۆژگاری کردن بۆ پێشەوایانی موسڵمانان کە والی‌یەکانیانە بە سوڵتانی گەورەوە تا ئەمیرو تا قازی و تا هەموو ئەوانەی سەرپەرشتی گەورەو بچوکیان هەیە، ئەمانە چونکە گرنگی و ئەرکیان گەورەترە لە خەڵکی تر پێویستە ئامۆژگای بکرێن هەرکەس بەگوێرەی پلەو پایەی خۆی، ئەمیش بە باوەڕبوون بە پێشەوایەتیان و دان نان بەسەر پەرشتیکاریان و واجب بوونی گوێ رایەڵی کردنیان بە چاکە، وە دەرنەچون لێیان و هاندانی خەڵکی بۆ گوێ ڕایەڵی کردنیان وە پەیوەست بوون بە فەرمانیان ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ نەبوو، وە بەخشینی ئامۆژگاری کردن بۆیان چەندێك کە مرۆڤ لەتوانای دا هەبێت، وە روون کردنەوەی ئەو

شتانە بۆیان كە شاراوەیە لیٚ یان كە پێویستیانە لە سەرپەرشتی كردنیان بۆ هەموو كەسێك بە گوێرەی توانای خۆی، وە دوعاكردن بۆیان بە چاكە كاری و سەركەوتن، چونكە چاك بوونی ئەوان چاك بوونە بۆ هەموو خەڵكەكەی ژێر دەستیان وە دوركەوتنەوە لە جوێندان پێیان و تانەو تەشەر لیٚ یان و بلاوكردنەوەی كەم وكوڕیان، چونكە لەمانەدا خراپەو زیان و ئاشوبێكی گەورە هەیە.

وە لە ئامۆژگاری كردنیان:-ئاگادار بوون و ئاگاداركردنەوە لەم شتە، وە پێویستە لەسەر هەموو كەسێك كە شتی حەرامی لیٚیان بینی ئاگاداریان بكاتەوە بە نهێنی نەك بە ئاشكرا بە نەرم و نیانی و شێوازو دەربڕینێك كە بگونجێت لەگەڵ ئەو شوێنەدا، مەبەستی پیٚ جیٚ بەجیٚ ببێت ئەمە داواكارە لە حەقی هەموو كەسێك دا بەتایبەتی والیەكان، چونكە ئاگاداركردنەوەیان بەم شێوازە خێرێكی زۆری تێدایەو، نیشانەی راستی و دڵسۆزییە،وە ئاگادار بە ئەی ئامۆژگاری كار لەوەی ئامۆژگارییەك بەم شێوازە سوپاس كراوەو توشی ئاشوب و خراپی نەكەیت بەوەی كە لە لای خەڵكی بەخۆت دا هەڵدەیت پیٚیان بڵێیت: من ئامۆژگارییانم كردووە وتم و وتم، چونكە ئەمە نیشانەی ریاو لاوازی و نادڵسۆزییە و زیانی تری زانراوی تێدایە .

*وە ئامۆژگاری كردن بۆ هەموو موسڵمانان ئەوا پێغەمبەر ﷺ بەم فەرمودەیە روونی كردۆتەوە كە دەفەرمێت: (**لا يؤمن احدكم حتى يحب لإخيه ما يحب لنفسه**)[٦٢] .

واتە: باوەڕی تەواوی نییە هیچ كەسێك لە ئێوە هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براكەیشی پیٚی خۆش نەبێت.

ئەمیش بە خۆشویستنی چاكە بۆیان وە هەوڵدان بۆ گەیاندنی پیٚیان بە گوێرەی توانا، وپیٚناخۆش بوونی شەڕو خراپە بۆیان و هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو شتەو نەهێشتنی هۆكارەكانی، وە فێركردنی نەزانیان وئامۆژگری كردنی بیٚ ئاگایان، وە ئامۆژگاری كردنیان لە كاروباری دین و دونیایان، وە هەموو ئەو چاكانەی كە حەز دەكەیت لەگەڵتدا بیكەن ئەوا تۆیش لە گەڵیان دا بیكەو هاوكاریان بكە لەسەر چاكەو لە خوا ترسان و یارمەتیان بدە لەسەر هەمو شتێك كە پێویستیانە، چونكە هەر كەسێك لە پێویستییەكی برایەكیدا بێت ئەوا خوای گەورە لە پێویستی ئەو دایەو بۆی جیٚبەجیٚدەكات، وە خوای گەورە لە پشتیوانی بەندە دایە ئەگەر بەندە پشتیوانی برای خۆی بكات، وە هەموو ئەم شتانە بە گوێرەی توانایە، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ ﴿التغابن: ٦١﴾.

واتە: ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە لە خوا بترسن .

بەوەندەی كە باس كرا زانیت كەوا ئەوەی پێغەمبەر ﷺ باسی كردووە لە ئامۆژگاری هەموو دین دەگرێتەوە بنچینەكانی و لقەكانی، مافی خوای گەورەو مافەكانی پێغەمبەرەكەی ﷺ وە مافەكانی هەموو خەڵكی، خاوەنی مافە گشتییەكان وخاوەنی مافە تایبەتییەكان، هەركەسێك هەستێت بە ئامۆژگاری كردن بەم شێوازە ئەوا هەستاوە بە جیٚبەجیٚ كردنی دین، وە هەركەسێك كەم و كوڕی بخاتە شتێكەوە لەوەی پێشتر باسكرا ئەوا لە دینەكەی فەوتاوە بە گوێرەی ئەوەی وازی لیٚ هێناوە .

كوا ئامۆژگاری لە كەسێكەوە كە مافەكانی خوای گەورە بە كەم بزانێت و تەمەڵی تێدا بكات و بیفەوتێنێت، وە بەسەر قەدەغە كراوەكانی خوای گەورەوە ئازابێت بۆ جیٚبەجیٚ كردنیان؟

---

(٦٢) (أخرجه البخارى ومسلم وأحمد والترمذي وغيرهم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٨٣، وصحيح سنن النسائي: ٥٠١٦ و ٥٠١٧ و٥٠٣٩، وصحيح سنن الترمذي: ٢٥١٥)..

کوا ئامۆژگاری لە کەسێکەوە کە ووتەی جگە لە پێغەمبەر ﷺ پێش دەخات بەسەر ووتەی پێغەمبەردا ﷺ وە گوێڕایەڵی دروست کراوەکان پێش دەخات بەسەر گوێڕایەڵی کردنی خوا وپێغەمبەرەکەی ﷺ؟

کوا ئامۆژگاری لە خاوەن خیانەت و ناپاکی و فێڵەوە لە کڕین و فرۆشتندا؟ کوا ئامۆژگاری لەو کەسانەی کە پێیان خۆشە بەدڕەوشتی و خراپە لەناو باوەڕداراندا بڵاو ببێتەوە، وە شوێنی کەم و کوڕی و کەوتن و پێ هەڵخلیسکاندنیان دەکەون؟

کوا ئامۆژگاری لە خاوەن فڕوفێڵ و خەڵەتاندنەوە؟

کوا ئامۆژگاری لە کەسانێکەوە کە هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ جیاوازی و پارچە پارچەیی موسڵمانان و دژایەتی و ڕق و کینە خستنە نێوانیانەوە؟

کوا ئامۆژگاری لە کەسانێکەوە کە لە کاتی گەیشتن بە خەڵکی خۆش ویستنی ڕێز و مل کەچی‌یان بۆ دەردەبڕن، وە وەسفیان دەکەن و پێیان دا هەڵ دەدەن کە لە دڵیانیشدا ئەو شتەی تیادا نی‌یە کاتێك لێیان جیا دەبنەوە لە لای دۆست و دوژمن پێچەوانەی ئەمە دەڵێن؟

کوا ئامۆژگاری لە کەسانێکەوە کە ڕێز لە ناموس و ئابڕوی موسڵمانان ناگرن وە نە ئاگای خزمایەتی و نە ئاگای پەیمان دەزانن لە گەڵیاندا؟ کوا ئامۆژگاری لەو کەسانەی کە لوت بەرزن بەسەر حەقدا و لوت بەرزن بەسەر خەڵکدا وسەرسامن بە خۆیانەوە و جگە لە خۆیانیان لەلا بێ ڕێزە؟

ئەمانە هەموو دابڕاون لە ئامۆژگاری و شوێنیان دوورترین شوێنە لە ئامۆژگاری‌یەوە، وە هەر یەکێك لەمانە کەم و کوڕی هەیە لە باوەڕەکەیدا وە شایانی سزای جۆرا وجۆرن وە بێ بەش کراون لەو چاکەیەی کەوا دەست دەکەوێت لەسەر ئامۆژگاری کردن، بێ بەش کراون لە ڕەوشتە بەرزەکان و تاقی کراونەتەوە بە ڕەوشتە ... ئەوانە دۆڕاو وخەسارەت مەندن .

خۆشبەختی بۆ ئامۆژگاری کاران، لە ڕاستی دا سەرکەوتنیان چەند گەورەیە و ڕێگایان چەند هیدایەتە!

نابینین ئامۆژگاری کار جگە لەوەی کە سەرقاڵی فەرزێکە جێبەجێ دەکات، وە لە جیهاد کردنی نەفسی خۆیدایە لە قەدەغە کراوەکانی خوای گەورە و بەرهەڵستی‌یەکانی، وە لە بانگەواز کردنی جگە لە خۆی دایە بۆ ڕێگای خوای گەورە بە دانایی و ئامۆژگاری باش، وە لە خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتە جوانەکان و ئادابە باشەکاندایە، ئەگەر چاکەیەك ببینێت لە براکەیەوە ئەوا بڵاوی دەکاتەوە و ڕای دەگەیەنێت، وە ئەگەر کەم و کوڕی‌یەکی لێ ببینێت ئەوا دایدەپۆشێ و بۆی دەشارێتەوە .

ئەگەر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین دەبینین ئامۆژگاری کارە و ڕاست گۆیە، وە ئەگەر هاوەڵایەتی بکەین دەبینین هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی مافی هاوەڵایەتی کردن بە تەواوی، ئەمینە لە نهێنی و ئاشکرادا، سوود گەیەنەرە بە هاوڕێ وەکو هەڵگری میسك، یان دەتداتێ یاخود بۆنێکی خۆشی لێ دەکەیت .

وە ئەگەر کەسێکی ئامۆژگاری کارت بینی ئەوا سوود لە هاوەڵایەتی کردنی وەرگرە و بە هەلی بزانە و بیقۆزەوە، وە ئەگەر ڕێگاکانت لێ تێك چوو ئەوا پشت بە ڕاوێژ کردنی ئەو ببەستە، کۆششی نەفسی خۆت بکە لەسەر خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتی ئامۆژگاری کار هەست بە تام و چێژی شیرینی باوەڕ دەکەیت، وە دەبیت بە خۆشەویست و دۆستی خوای گەورە، وە دەبیت بە خاوەنی چاکە وخێر، ئەگەر ویژدانی ئامۆژگاری کارت بۆ دەرکەوێت دەبینیت پڕە لە ڕوناکی و نور و هێمنی و ئارامی و سۆز وبەزەیی، وە ئەگەر بۆچوونەکانی ببینیت دەبینیت دەسوڕێتەوە لە دەوری بەرژەوەندی موسڵمانان بە کورتی و بە درێژی .

ئەگەر بڕوانیتە ووتەکانی دەبینیت هەموو ڕاشکاوو یەکە، ئەمانە باشترین پێشەوان، وە ئەمانە هاوڕێ و دڵسۆزی چاکن، بە نیەتی چاك و کردەوەی ئاسان .

ووتەکەی تەواوبوو (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

چەند قسەیەکی سازگار و جوان بوو، چەند کاریگەر و دامەزراو بوو لەسەر کەسێك کە مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و لە سزاکەی بترسێت، لە زانایەکی بەرزی بەڕێزەوە دەرچووە کە ناسراوە بە زوهد و خۆپاراستن و زانیاری زۆر فراوان، وە لە پاش تێ ڕوانین خۆشەویستی زانا و نەزانی بە دەست هێنا تا یەکێکیان دەڵێت: مردن بۆمان باشترە لە پاش مردنی زانای نەجد (عبد الرحمن سعدی) (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) و بیکاتە ناو فراوانی بەهەشتەکەیەوە لەگەڵ دایك و باوکمان و هەموو موسڵمانان .

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين .

# میسکی کۆتایی

ئامۆژگارییەکە لە کەسێکی بە سۆزەوە وە ئەوەی بۆ خۆی ئاواتە خوازە بۆ هەموو موسڵمانانیش ئاواتەخوازە:

یەکێك لە ئامۆژگاری کردن بۆ موسڵمانان بریتییە لە یادکردنەوەیان بەو بەخششانەی کە خوای گەورە پێیانی بەخشیوە، وە ئاگادارکردنەوەیان لە هۆکارەکانی نەمان و لە ناوچونی . خۆشەویستانم بۆ خوا:

ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:

﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾

﴿آل عمران: ١١٠﴾.

واتە: ئێوە ئەی موسڵمانان باشترین کۆمەڵ و نەتەوەن کە هاتبێتن بۆ خەڵکی، چونکە فەرمان دەکەن بە چاکە و بەرهەڵستی دەکەن لە خراپە و قەدەغەی دەکەن .

ئایا ئێمە ئەم ئەرکەمان جێبەجێ کردووە تا با شترینەکە بە دەست بهێنین؟ ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:

﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾

﴿الحج: ٤١﴾ .

واتە: ئەوانەی ئەگەر ئێمە جێگیریان بکەین لە سەر ڕووی زەوی و دەسەلاتداریان بکەین ئەوا نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان دەکەن بە چاکە و بەرهەڵستی دەکەن لە خراپە، وە سەرەنجامی هەموو ئیش و کارەکان بۆ خوایە .

ئایا هەستاوین بە جێبەجێ کردنی ئەم چوار مەرجە تا بۆ خۆمان ئەم بەردەوام بوونی جێگیرییە مسۆگەر بکەین کە ئێمەی تێدا دەژین؟

یاخود ئێمە خۆمانی لێ دور دەخەینەوە و وازی لێ دەهێنین و ئازا بووین لەسەر قەدەغە کراوەکانی خوای گەورە و سەرپێچی کردن و خراپەکاری بلاو بۆتەوە، خوا دەزانێت سەرەنجاممان چۆن دەبێت .

ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ ﴿الأعراف: ٩٦﴾.

واتە: ئەگەر خەڵكی گوند یاخود شار باوەڕبهێنن و خۆیان بپارێزن لە تاوان ئەوا ئێمە دەرگاكانی بەرەكەتی خۆمانیان بۆ دەكەینەوە لە ئاسمان و زەوی‌یەوە بەڵام باوەڕهێنانیان بە درۆ خستەوە ئێمەش بە هۆی كردەوەی خراپی خۆیان بردیانمانەوەو سزایانمان دا .

ئایا باوەڕمان هێناوە وبە راستی لە خوا ترساوین لە هەموو كاروبارێكمان دا هەتا ئەم بەرەكەتانە بەردەوام بێت كە تێیدا دەژین لەم وولاتە؟ یاخود ئێمە پاشەو پاش دەگەڕێینەوە لەم دوو رەوشەتە گەورەیە كەوا بە هۆیانەوە بەخششەكانیان بەردەوام دەبن یاخود نامێنن و لەناو دەچن.

ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:

﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ ﴿الأنعام: ٨٢﴾.

واتە: ئەو كەسانەی كە بەتاك وتەنها خوایان پەرستووە یەك خوا پەرستی‌یەكەیان تێكەڵ بە هاوبەش بڕیاردان نەكردوە ئەوا ئەمینن وپارێزراون لە سزای خوای گەورەو هیدایەت دراون لە دونیادا.

ئایا پەیوەست بووین بە دووركەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان و خێزان و نەزانەكانمان لێ ئاگادار كردۆتەوە، یاخود جادوگەران و فاڵچی بڵاو بوونەتەوە لە وولاتەكەماندا و ئێمەش بەرەو پیری‌یەوە چوین هەروەك و چۆن پەپولە بەرەو ئاگر دەڕوات.

خوایە لە ئاگر رزگارمان بكەیت و بمانخەیتە بەهشتەوە لەگەڵ پیاو چاكان .

لە كۆتای دا سوپاسی خوای گەورە دەكەم لەسەر بەخشش وفەزڵە گشتی‌یەكانی هەروەها سوپاسی خاوەن چاكەكان دەكەم لە زانایان كە تەماشای ئەم نامیلكەیەیان كردوو دانیان نا بە ناوەڕۆكەكەیدا وئامۆژگاریان كرد بە بڵاو كردنەوەی بەڵكو خوای گەورە سودی پێ‌بگەیەنێت وپاداشتی هەموو لایەك بداتەوە بە باشترین پاداشت.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم نامیلكە بەسودە لە مانگی

ربيع الأول١٤٢٢

**والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات**

==========

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن